مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەهەندی گێڕانەوە

# لە ڕۆمانی ( ژنێك بەسەر منارەوە ) ی "شێرزاد حەسەن"دا

Dimensions of the narration in the novel of a woman on the lighthouse Shirzad Hassan

**مامۆستای یاریدەدەر حەیدەر جەوهەر ئەحمەد**

بەشی پەرستیاری کۆلێژی پەرستاری/ زانکۆی هەولێری پزیشکی

وانەبێژ لە کۆلێژی پەروەردەو زمان / زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٧/٦/٢٨

القبول: ٢٠١٧/٨/١٠

النشر: خريف ٢٠١٧

**Doi: 10.25212/lfu.qzj.2.5.02**

**الكلمات المفتاحية:**

Narration, novel, woman, woman, techniques of narration, interest, story

## پوختە

ڕەهەندی گێڕانەوە بوارێکی بایەخداری توێژینەوەی ئەدەبییە , لەم توێژینەوەیەدا کارکراوە بۆئەوەی بە وردی پێناسە و چەمك و تەکنیکەکانی گێڕانەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی: (**ڕەهەندی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ژنێك بەسەر منارەوە ی شێرزاد حەسەن دا**) جەخت لەسەر ڕەهەندی گێڕانەوە لە بواری ئەدەبیات و بەتایبەت ژانری ڕۆمانی کوردی دەکاتەوە.

توێژینەوەکە بەسەر پێشەکی و دوو بەشدا دابەش کراوە:

لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و مانا و زاراوە و پێناسەی گێڕانەوە کراوە, دواتر شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و خودی ئاماژەیان پێدراوە . لەگەڵ ئەمەشدا باس لە گرنگترین تەکنیکەکانی گێڕانەوە کراوە.

لە بەشی دووەمدا باس لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و خودی لە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە )ی شێرزاد حەسەن کراوە . پاشان تەکنیکەکانی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و وەسف لە ڕۆمانەکەدا شیکراوەتەوە، کە ڕۆماننوس توانیویەتی لە ڕێگەی گێڕانەوە و تەکنیکەکانییەوە بەرهەمێکی پڕ لە ئیستاتیکا دابهێنێت.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێشەکی

شێرزاد حەسەن یەکێکە لە رۆماننووسە هاوچەرخەکانی کورد کە لە رۆمانەکانیدا بەسەلیقەی وردەوە ئەفراندنی خۆی خستۆتەڕوو و خاوەن چەندین رۆمانە.

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی: (**رەهەندی گێڕانەوە لە رۆمانی ژنێك بەسەر منارەوە ی شێرزاد حەسەن دا**) هەوڵێکە بۆ **خستە**ڕووی پێکەی گێڕانەوە لە نێو ئەم رۆمانەدا، چونکە یەکێك لە گرنگترین بوارەکانی داهێنانی ئەم رۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ رەهەندی گێڕانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا رۆماننووس بایەخێکی زۆری بە تەکنیکەکانی گێڕانەوە داوە و مامەڵەیەکی ئیستاتیکی لەگەڵ گێڕەرەوەکاندا کردووە، ئەمەش وای کردووە رۆمانەکە ببێتە رۆمانێکی فرەدەنگ. هەموو ئەمانەش ڤێکڕا بەرهەمەکەیان بۆ ئاستێکی هونەری بەرز کردۆتەوە.

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە بەسەر پێشەکی و دوو بەشدا دابەش کراوە:

بەشی یەکەم بەسەر سێ تەوەردا دابەش کراوە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە چەمك و مانا و زاراوە و پێناسەی گێڕانەوە کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و خودی ئاماژەیان پێدراوە . لە تەوەری سێیەمدا باس لە گرنگترین تەکنیکەکانی گێڕانەوە کراوە.

بەشی دووەم بەسەر دوو تەوەر دابەش کراوە، لە تەوەری یەکەمدا با س لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و خودی لە رۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە)ی شێرزاد حەسەن کراوە. تەوەری دووەم تایبەتە بە تەکنیکەکانی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و وەسف لە رۆمانەکەدا، کە شێرزاد حەسەن توانیویەتی لە رێگەی گێڕانەوە و تەکنیکەکانییەوە بەرهەمێکی پڕ لە ئیستاتیکا دابهێنێت.

دواجار ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێك کۆتایی هاتووە، پاشان لیستی سەرچاوەکان ریزکراون و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ئاماژەیان پێکراوە.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم

## ڕەهەندەکانی گێڕانەوە و شێواز و تەکنیکەکانی

### تەوەرەی یەکەم: چەمك و مانا و زاراوەی گێڕانەوە

### 1 -چەمك و مانای گێڕانەوە

چەمکی گێڕانەوە قوڵاییەکی بەرفراوانی لەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە و ئاشنایەتی لەگەڵ رۆحی مرۆڤ پەیداکردووە، چونکە گواستنەوەی زانیاری لە بوارەکانی ژیان و خۆشی و ناخۆشی و کێشەی تاك ەکانی کۆمەڵگە دەستوپەنجە لەگەڵ گێڕانەوە نەرم دەکەن، بۆیە پۆل ریکۆر گێڕانەوە پەیوەست بە ژیان دەکات و پێیوایە ((هەموو گێڕانەوەیەك بریتییە لە پرۆسەی گێڕانەوە بۆ شتێك کە ئەویش دەبێتە پرۆسەی ژیان))[1].

پرۆسەی گێڕانەوەش لەسەر بنەمای (گێڕەو) و (بۆ گێڕەوە) دادەمەزرێت[2] و هەردووکیان رۆڵی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەناو پرۆسەکەدا لە پەیوەندیدان، بەشێوەیەك (گێڕەو) وەك نێرەر بە ئەرکی گواستنەوەکە هەڵدەستی و رووی لە بۆ گێڕەوەیە وەك وەرگرێك . کەواتە بە شێوەیەکی زۆر سادە گێڕانەوە بە ((باسکردنی قسەی گوتراو یان حیکایەت گو تن ))[3] لەقەڵەم دەدرێت. بۆیە دەتوانین چەمکی گێڕانەوە بەو شێوەیە هەڵبگرینەوە کە بریتییە لە ((گێڕانەوەی رووداوێك یاخود هەندێك رووداو یان هەواڵێك یاخود چەند هەواڵێك، ئەمەش لە سەرچاوەیەکی راستییەوە وەرگیرابێت یان لە رێگەی خەیاڵەوە داهێنرابێت))[4].

گێڕانەوە یەکێکە لە رەگەزە سەرەکی و پێکهێنەرەکانی رۆمان و بەشدارییەکی کارای لە بونیاتی تێکستی ئەو ژانرە ئەدەبییەدا هەیە، بۆیە نووسینی هیچ رۆمانێك بەبێ پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام نادرێت، بەو مانایە ئەگەر پرۆسەی گێڕانەوە لە بەرهەمەکە دەربکێشین، ئەوا تێکستەکە تووشی داڕووخان دەبێت، چونکە گێڕانەوە ((فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ چنین و رێکخستن و دابەشکردنی رووداوە راستەقینە و خەیاڵییەکان لە تێکستی رۆماندا، سەرباری دەرخستنی پێشینەی رۆشنبیری و

(1) بول ريكور، الزمان والسرد- التصوير في السرد القصصي (2)، ت: فلاح رحيم، مراجعة: د. جورج زيناني، دار الكتاب المتجدة، بيروت – لبنان، ط 1، 2006، ص 137.

(2) جيرالد برينس، قاموس السرديات، ت: السيد امام، ميريت للنشر والمعلومات، القاهرة، ط1، 2003، ص 97.

(3) **عبدالرحمن شرفكندى** (هەژار)، **هەنبانە بۆرينە، فرهنگ كردى– فارسى، چاپ اول**، 1369، **ل** 742.

(4) د. محمد زغلول سلام، دراسات في القصة العربية الحديثة (أصولها، اتجاهاتها، أعلامها)، المعارف بالاسكندرية ، 1987، ص 45.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوزارشتکردن لە دید و هەڵوێستی جۆراو جۆر ))[5]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ کە گێڕانەوە پەیوەندییەکی تونوتۆڵی بە رەگەزەکانی دیکەی وەکو (کەسایەتی، رووداو، کات، شوێن) هەیە.

## 2- زاراوەی گێڕانەوە:

بێگومان زاراوە ئەدەبییەکان کات و سەردەمانێکیان پێویستە تاکو وەکو زاراوەیەك دەچەسپێن، زاراوەی گێڕانەوە لە زمانە جیاجیاکاندا ژمارەیەك زاراوەی تایبەتی بۆ بەکاردێت، لە زمانی کوردیدا (زانستی گێڕانەوە)ی بۆ بەکاردێنن و لە زمانی ئینگلیزیدا (Narratology) و لە زمانی عەرەبی (علم السرد)، ئەمەش وەکو زاراوەیەکی هونەری مێژووی دەرکەوتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم لای فۆرمالیستەکان، واتە ناراتۆلۆجی ((لقێکە لە لقەکانی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیزم و بونیادگەریی زمانەوانی، لە سیستمەکانی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە بە فۆرم و دەرکەوتە جیاجیاکانی، هەروەها لەو بنەمایانەش ورد دەبێتەوە کە گێڕانەوەی لەسەر دادەمەزرێت . ناراتۆلۆجی بریتییە لە تیۆری گێڕانەوە کە لە بونیادگەرییەوە وەرگیراوە، واتە بریتییە لە بونیادی گێڕانەوە))[6].

هاوکات هەندێك زاراوەی دیکە لە پێکهاتەی گێڕانەوەدا بەشدارن وەکو ئەم زاراوانەی خوارەوە:

1- (گێڕانەوە - السرد - Narrative).

2- (کاری گێڕانەوە - العملية السردية - Narration).

3- (گێڕەرەوە - السارد - Narrateur).

4- (بۆگێڕەرەوە - المسرود لە- Narrataire)[7].

گێڕانەوە لە کاری ئەدەبیدا بە یەکێك لە رێگاکانی ئەفراندن و خوڵقاندنی مانا دادەندرێت، چونکە دەتوانیٚ ئاست ە جیاوازەکانی کاری هونەری بەیەك ببەستێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ کە گێڕانەوە بە ئامرازی چنینی پەیوەندییەکان دادەنرێت کە لەنێوان توخمە هونەرییەکاندا بونیاتی دەقی لەسەر هەڵدەچنرێت [8].

(5) عبدالله ابراهيم، السرد في الرواية العربية المعاصرة، www. Abdullahibrahem.com. .

(6) **نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی**، 2011، ل220.

(7) **سەرچاوەی پێشوو**، ل222.

(8)[8] **بڕوانە: عەبدولخالق یەعقوبی، دەنگی بلورینی دەق، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی**، 2005، ل73. ف. شكلوفسكي، نظرية المنهج الشكلي (نصوص الشكلانيين الروس)، ت: ابراهيم الخطيب، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، الطبعة الاولى، 1982، ص 189.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەچی پرۆسەی گێڕانەوە بە یەکخەری هەموو توخمە هونەرییەکانی پێکهات ەی بنیات دادەندرێت، ئەمەش هیچ یاسایەکی تایبەتی نییە، بەڵکو داهێنانی پرۆسەی گێڕانەوە بەندە بە شارەزایی و لێهاتوویی رۆماننوس لە خولقاندنی جۆری گێڕانەوەکەدا [9].

ئەگەر گێڕانەوە هەر جۆرێك بێت زارەکی یان نوسراو، رووداوی راستەقینە یان ئەفسانە و چیر ۆك لەخۆبگرێت، یان بابەتێکی سادە بگێڕێتەوە، ئەوا هەر تەنیا پێویستی بە گێڕەرەوەیەك نییە، بەڵکو پێویستی بە بۆگێڕەوەش دەبێت، بۆئەوەی گێڕانەوەکە بگات بە ئاستێکی بەرزی هونەری [10].

### 3- پێناسەی گێڕانەوە:

پسپۆڕانی بواری ئەدەب بەپێی تێڕوانینی خۆیان زۆر پێناسەیان بۆ گێڕانەوە کردووە، دەشێ لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو پێناسانە بدەین، گێڕانەوە بە مانا فراوانەکەی دەبێتە ((ئامرازێك بۆ چنینی پەیوەندی نێوان ئەو بنەما هونەرییانەی تێکستەکەی لەسەر بونیات دەنرێت)) [11].

گێڕانەوە پەیوەستە بە بیر و خەیاڵ و زەینی مرۆڤ و دونیای واقیعەوە کە لە گۆشەنیگای کەسەکانەوە جیاوازییان دەردەکەوێ، هەر لەم بارەیەوە (جان لۆفین) پێیوایە گێڕانەوە ((گوفتارێکە کە دونیا دەگەڕێنێتەوە بۆ زەین کە لە رەهەندی دونیای ماددی و مەعنەوی ناو جیهانی راستەقینە وەرگیرابێ ت و دەکەوێتە کات و شوێنێکی دیاریکراو، ئەمەش زۆرجار بە شێوەی هەڵگەڕاوی لە رێگەی سەرنجی کەسێکەوە یان زیاتر لە کەسێکەوە دەخرێتەڕوو، سەرباری سەرنجی گێڕەرەوە)) [12].

لەناو پرۆسەی گێڕانەوەشدا، گێڕەوە رۆڵێکی گرنگی هەیە و پرۆسەکە بە ئەنجام دەگەیەنێ، هەربۆیە ((هەموو بابەتێکی گێڕانەوەئامێز پێویستی بە کەسێك هەیە بینووسێتەوە یان بیگێڕێتەوە، ئەم پرۆسە بەرهەمخوازییە پێیدەگوترێ گێڕانەوە)) [13].

هەرچەندە (تزفیتان تۆدۆرۆف) هەر تەنیا جەخت لەسەر گێڕانەوەی رووداوە راستەقینە یان خەیاڵییەکان ناکاتەوە، بەڵکو ئەو زیاتر جەخت لەسەر چۆنیەتی خستنەڕووی رووداوەکان دەکاتەوە لەلایەن گێڕەوەکان، بۆیە پێیوایە گێڕانەوە (( بریتیە لە ڕێگەی یان چۆنیەتی خستنە ڕووی..یان زنجیرەیەکی بەدوایەکداهاتوی ڕوداوە ڕاستی و خەیاڵیەکان، لە ڕێگەی گێڕەوەیەك یان زیاتر)) [14]. کەچی (ئالان روب گرییە ) گێڕانەوەی دەکاتە پێوەرێك بۆ سەرکەوتنی بەرهەمەکە، لەگەڵ ئەمەشدا لێهاتوویی

---

(9) **بڕوانە: سنور قادر فرج، تەکنیك لە کۆمەڵە چیرۆکی ((گوڵی رەش))ی شێرزاد حەسەن دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکولی زمان،** 2012، ل 123.

(10) **بڕوانە: احمد رشيد وهاب، السرديه ڤ النقد الروائى العراقى** (1985 – 1996)، **رساله ماجستير، كليه التربيه، جامعه بغداد** ، 1997، **ص** 194.

(11) عبدالله ابراهيم، البناء الفني لرواية الحرب في العراق (دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة )، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1988، ص 161.

(12) د. محمد زغلول سلام، دراسات في القصة العربية الحديثة (اصولها، اتجاهاتها، اعلامها)، ص 45.

(13)كريستيان البخلي، السرديات، ت: ناجي مصطفى، منشورات الحوار الاكاديمى والجامعي، طب، الدار البيضاء، 1989، ص 97.

(14)**جلال انور سعيد، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی** (ئێوارەی پەروانە)**ی بەختیار علی دا ، چاپخانەی کەمال، سلیمانی**، 2009، **ل**23.

رۆماننوس بەمەرجی سەرەکی دادەنێت لە بنیاتنانی دەقی سەرکەوتوودا، بۆیە پێیوایە ((نووسەری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانێت چۆن چیرۆکەکەی بگێ ڕێتەوە)) [15]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ گێڕانەوە لەپاڵ ختستنەڕووی ڕووداوەکان لە ڕێگەی تەکنیکەوە، دەچێتە ناو کۆی جومگە روون و نادیارەکانی رۆمان و ختستەڕووی کەسایەتی و وەسفی شوێن و کات و ریتمی رووداوەکان و پەرەسەندنیان تا کۆتایی بەشێوەیەکی هارمۆنی دێت لەم بارەیەوە (عەبدوڵلا سەراج) پێیوایە گێڕانەوە ((تەکنیکی ساکار و خێرای هەواڵدەری ڕوداوەکانە، هەروەها چۆنیەتی پەرەسەندنیان لە پاڵ پێشکەش کردنی کۆمەڵێ کەسایەتی و ڕووداو لە لایەن بگێڕەوە، کە لەگەڵ کاتی رۆمانەکە دا هەڵدەکشێ بەرەو ترۆپك و هەم لەگەڵیدا شۆڕ دەبێتەوە بەرەو کۆتایی)) [16].

کەواتە دەتوانین بڵێین گێڕانەوە بە خاڵی سەرەکی پەیوەندی سازکردنی نێوان گێڕەرەوە و خوێنەر دادەنرێت و بە گرنگترین رەگەزەکانی بونیاتی هونەری دەق لەقەڵەم دەدرێت.

**تەوەری دووەم: شێوازەکانی گێڕانەوە**

لە دیدی فۆرمالیستە رووسەکانەوە شێوازەکانی گێڕانەوە بەسەر دووجۆری سەرەکیدا دابەش دەبن:

### 1 -شێوازی گێڕانەوەی بابەتی(Objective) :

لە گێڕانەوەی بابەتیدا گێڕەرەوە لە دەرەوەی سنووری رووداو و دەقەکەوەیە و هەموو شتێك دەربارەی پەرەسەندنی رووداو و کردار و کات و شوێنی و جۆری بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان دەزانێت، واتە **((لە گێڕانەوەی بابەتییدا نووسەر ئاگاداری هەموو شتێکە، تەنانەت بیر و هەستی نهێنی کارەکتەرەکانیش))** [17].

ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە قووڵایی مێژووی دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا ئامادەیی هەیە و شێوازێکی کۆنە و لە داستان و حەکایەتە کۆنەکان بەرچاو دەکەوێت، ماوەیەکی زۆریش باڵی بەسەر ژانری رۆماندا کێشاوە . لە شێوازی لە گێڕانەوەی بابەتیدا سنووری دەسەڵاتی گێڕەرەوە زۆر فراوانە و هەموو شتێك دەربارەی چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی جیهانی نێو دەقەکە دەزانێ و بە ئارەزووی خۆی لەدەرەوەی ژینگەی کارەکتەرەکانی رۆمانەوە باسی رووداو و وازی بە وەسفی شوێن و کات و پێکهاتەکانی دیکەی رۆمانەوە دەکات، واتە کارەکتەرەکان بە هیچ شێوەیەك خاوەنی ئیرادەی خۆیان نین و هیچ ئازادییەکیان لەدەربڕینی بیرورِا و بۆچوونەکانی خۆیان نییە . ئەمەش ڕێگری لە فرەدەنگی لەناو پانتایی رۆماندا دروست دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی گێرەرەوە لەشێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا کاتێك رووداوەکان دەخاتەڕوو، ئەوا دوو جۆر جێناوی کەسی بەکار دەبات، ئەویش یان جێناوی کەسی سێیەمی تاکی نادیارە کە لە شێوەی (ئەو) روو لە وەرگر دەکات،

(15) رولان بدونوف و ريال اوئيلية، عالم الرواية، ت: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، 1991، ص 23.
(16) **عەبدوڵلا سەراج، بەرەو ئاستانەی رۆمان وگۆشەنیکاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم**، 2007، ل76 .
(17) د. صلاح فضل، أساليب السرد في الرواية العربية، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الاولى، دمشق، 2003، ص 21.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش((یارمەتی ئەوەی دەدات هەموو شتێك بزانێت و توانای باسکردنیانی هەبێت و بە تەواوی سەبەست بێت لە ئاشکراکردنی یان شاردنەوەی ئەو زانیاری یانەی پێوەندییان بە شاکەس یان رووداوەکانەوە هەیە و ئاراستەی وەرگریان دەکات )) (18)، یاخود جێناوی کەسی دووەمی تاك بەکار دێنێ لە شێوەی (تۆ) رووبەڕووی وەرگر دەئاخڤێ.

هەر لە خولگەی گێڕانەوەی بابەتیدا ( تزفیتان تۆدۆرۆف) باس لە سێ جۆر گێڕەرەوەی بابەتی دەکات کە ئەمانەن:

**1.گێڕەرەوە زیاتر لە کارەکتەر دەزانێ**

2. گێڕەرەوە هێندەی کارەکتەر دەزانێ

3. گێڕەرەوە کەمتر لە کارەکتەر دەزانێ (19).

لەم حاڵەتەدا گێڕەرەوەی هەمووشتزان هەر خۆی وەسفی بارودۆخەکان دەکات و رووداو و وێنەی کەسایەتییەکان شیدەکاتەوە و تێگەیشتن لە هۆکار و ئەنجامەکان دەستنیشان دەکات، ئەمەش پێ ی دەگوترێ (گێڕەرەوە زیاتر لە کارەکتەر دەزانێت)، بەلاّم کاتێك ئاماری زانیارییەکانی گێڕەرەوە گۆڕانیان بەسەردادێت و زانیارییەکان لە رەهاییەوە بەرەو رێژەیی و لە هەڵکشانەوە بەرەو داکشان دەچن بەپێی زۆری و کەمی، ئەوا دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی دوو جۆر وەکەی دیکەی گێڕەرەوە لە رۆماندا کە پێیان دەگوترێ: (گێڕەرەوە هێندەی کارەکتەر دەزانێ یان گێڕەرەوە کەمتر لە کارەکتەر دەزانێ).

کەواتە گێڕەرەوە لە میانی گێڕانەوەدا باسکردنی کۆی بابەتەکانی ناو رۆمانەکە دەخاتە ژێر سنوری دەسەلاّتی خۆی، ئەمەش لەرێگەی دەرکەوتن لە دەرەوەی کارەکتەرەکانی ناو رۆماندا.

## 2 -شێوازی گێڕانەوەی خوودی(Subjective) :

لەگەڵ پەرەسەندنی ئەدەب و هەڵکشانی ئاستی رۆشنبیری و شارەزایی نووسەرانی رۆمان و گەشەسەندنی هونەری رۆمان، شێوازی گێڕانەوەی خوودی دەرکەوت.

لەم جۆرە شێوازەدا گێڕەرەوە وەکو کارەکتەرێکی ناو تێکستی رۆمان دەردەکەوێ و راستەوخۆ بەشداری لە گێڕانەوەی رووداوەکان و چۆنیەتی پەرەسەندنیان دەکات و رۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، بەمەش ((خوێنەر لە هەمان کاتدا بەرامبەر چەند دەنگ و تێڕوانینێك دەبێتەوە و ر ووداوەکانی لە زاری ئەو کەسایەتییانەوە پێدەگات کە رووداوەکان دەخولقێنن یان لێیان روودەدات، بەو هۆیەشەوە زیاتر هەست بە ئێش و ئازاری کەسێتییەکان دەکات و لەو هەستە رزگاری دەبێت کە هەمیشە یەکێك

(18) **پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی**، 2001، ل214.

(19) د. سيزا قاسم، بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ )، دار التنوير للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، 1985، ص 81.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووداوەکانی بۆ بگێڕێتەوە و شیکردنەوە و راڤەی دیاردە و رو وداوەکانی بۆ بکات، کە خۆی لێیانەوە دوور بێت و لەگەڵیاندا نەژیابێت))[20]. ئەمەش ئەوە دەگەینیێ کە یەکێك یان چەند کارەکتەرێکی ناو تێکستەکە هەریەکەو بەجۆرێك ڕووداوەکان دەبینن و جڵەوی گێڕانەوە دەگرنە دەست و باسی خەسڵەت و ئەدگاری دەرەوە و ناوەوە و دید و تێڕوانینی خۆیان دەکەن، بە زۆریش بە راناوی کەسی یەکەمی تاك (من) و بە کاتی ئێستا ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، بۆیە **((لەم شێوازەی گێرانەوەدا کەسێتییەکان بەزمانی خۆیان گوزارشت لە تێروانینەکانیان دەکەن، واتە جێناوی بەکار هاتوو جێناوی(من)ە))**[21]. بەمەش خوێنەر وا هەست دەکات نووسەر یەکێکە لە کارەکتەرەکان ، ئەمەش وادەکات دەقەکە جۆرێك لە فرەدەنگی گێرانەوە وەربگرێت، چونکە کارەکتەرەکان خاوەن ویست و تێڕوانینی خۆیان دەبن و بە زمانی خۆیان و لەگۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە.

کەواتە گێرانەوەی خودی یەکێکە لە شێوازە گرینگەکانی گێڕانەوە، کە بەهۆی گێڕانەوەی خودیەوە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دەتوانن ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بگرنە ئەستۆ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی فرەدەنگی لەناو ڕۆماندا.

**تەوەری سێیەم: تەکنیکەکانی گێڕانەوە**

دەکرێ گرنگترین تەکنیکەکانی گێڕانەوە لەم تەکنیکانەی خوارەوەدا چڕبکەینەوە:

**1 -گێڕانەوە لەرێگای تەکنیکی دیالۆگەوە**

دیالۆگ بە یەکێك لە تەکنیکە گرنگەکانی هونەری گێرانەوە دادەنرێت و پەیوەندییەکی بەهێزی بە گێرانەوە هەیە کە ڕۆماننوس پەنای بۆ دەبات، بەمەبەستی گفتوگۆکردن بە دیدی جیاواز دەربارەی ئاریشە و ڕووداوەکانی ناو دەقی ڕۆمانەکەی، ((چونکە دایەلۆگ تەنیا قسەکردنێکی پەتی نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکان و تاکە ڕووداوێکیش کە بە تەواوی لە ڕووداوی واقعی بچێت ئەوانەن کە بە هۆی دایەلۆگەوە دەخرێتەروو))[22].

ڕۆماننوس لە ڕێگەی دیالۆگەوە نەك هەر تەنیا گەشە بە ڕووداوەکان دەدات، بەڵکو دەتوانێ دۆخی دەروونی و دیدی تایبەتی هەر یەکێك کارەکتەرەکان ئاشکرا بکات ((نووسەر لەرێی دایەلۆگەوە دەتوانێت باری دەروونی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی

---

(20) **بروانە: میران جەلال محەمەد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی**، 2009، **ل** 167–168 . خالد سهر محي الساعدي، البناء الفني في الرواية التأريخية العربية (1870-1939)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، 1989، ص 34. ميشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ت: فريد انطونيوس، منشورات دار عويدات، بيروت، 1981، ص 104-105.

(21) **میران جەلال محەمەد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، ل** 168 .

(22) **سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێرانەوە لەداستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر**، 2009، **ل** 224.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و سیاسی و فیكری و ئایینی كارەكتەرەكەمان پێ بناسێنێ)) [23]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە ((دیالۆگ زیندوویەتی بە دەق دەبەخشێت و لە ژیانی راستەقینەی مرۆڤی نزیك دەكاتەوە)) [24].

لە بنەڕەتدا دیالۆگ بریتییە لە گفتوگۆی نێوان كارەكتەرەكان دەربارەی هەر پرسێك بۆ گەیشتن بە راستییەكانی ژیان و خستنەڕووی لایەنە جۆربەجۆرەكانی ((كارەكتەر لە رێگەی دایەلۆگەوە سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە و تەنیا لەو رێگەیەوە راستەوخۆ دەتوانێ خۆی بناسێنی)) [25]، بەمەش وەرگر زیاتر شارەزایی دەربارەی دید و تێڕوانینی كارەكتەرەكان پەیدادەكات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە ((دایەلۆگ زیاتر بۆ دەربڕینی بیروڕایە و مەبەست لێیان پیشاندانی رێی راستی ژیانە بە ئەوانی دیكە)) [26].

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی دیالۆگ لە رۆماندا ئەوەیە كە گوزارشت لە شوناس و ئاخاوتن و زمانی كارەكتەرەكان دەكات و مۆركی زمانێكی روون و واقیعی نانەی لەخۆگرتووە، بەمەش لە زمانی هونەرییانەی گێڕانەوە جودا دەبێتەوە، لەبەرئەوەی ((زمانی گێڕانەوە خودی نووسەرە، كەچی زمانی دیالۆگ، زمانی كارەكتەرەكانە . لە بواری گێڕانەوەدا دەكرێت رازانەوە و سنعەتكاری پەسند بكرێت، هەروەها ئەم شتە جوان و بەكەڵكە، بە لاَم لە بواری دیالۆگدا دەخوازێت زمانی كارەكتەر لەگەڵ ئەو دەورەی پێی سپێردراوە گونجاو بێت )) [27]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە زمانی ئاخاوتن و دیالۆگی هەر یەكێك لە كارەكتەرەكانی رۆمان دەبێتە شوناس و دەرخەری تێڕوانینی تایبەت و ئاستی رۆشنبیرییان، واتە ((دەبێت رەچاوی زمانی شوێن و ژینگەی كارەكتەرەكان و ئاستی رۆشنبیری و كۆمەلاَیەتی و فیكرییان بكرێت)) [28].

كەواتە دەتوانین بڵێین دیالۆگ پەیوەندیەكی بەهێزی بەگێڕانەوە هەیە و رۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لە روونكردنەوەی تێڕوانینی كارەكتەرەكان و پەرەسەندن و نمایشكردنی رووداوەكان و ئاشناكردنی وەرگر بە زانیاری پێویست لە نێو دەقی رۆماندا .

تەكنیكی دیالۆگ لە ڕۆماندا بەسەر دوو جۆری سەرەكیدا دابەش دەبێت:

---

([23]) **د. نەجم خالد نجم الدين، تەكنيكى دايەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتە چیرۆكی كوردیدا، گۆڤاری زانكۆ، ژمارە** (24)**، نیسانی** 2005، ل 288.

(24)**عەبدوڵڵا رەحمان عەولاَ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی كوردیدا باشووری كوردستان** (1925 – 1961)**، بلاَوكراوەی ئەكادیمیای كو ردی، هەولێر،** 2011، ل 376.

([25]) **سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێرانەوە لەداستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەكان)ی بەختیار عەلی دا،** ل 227.

([26]) **سەرچاوەی پێشوو،** ل 229.

([27]) **د. نەجم خالد نجم الدين، تەكنيكى دايەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتە چیرۆكی كوردیدا،** ل 283.

([28]) **تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، بینای شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی كوردیدا،نامەی دكتۆرا، كۆلیجی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر،** 2006، ل 171.

أ- **دیالۆگی ڕاستەوخۆ:** لە دیالۆگی ڕاستەوخۆدا ڕۆماننوس پرسیار و قسە و گفتوگۆی دوو کارەکتەر یان زیاتر وەکو خۆی پێشکەش دەکات بەپێی زمانی ئاسایی کارەکتەرەکان و باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیی و دەروونییانەوە کە دوورە لە دەستێوەردانی گێڕەرەوە و حیکایەتخوان[29].

ب- **دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:** لە دیالۆگی ناراستەوخۆدا گێڕەرەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا هەڵدەستێ ب ە گێڕانەوەی دەربڕینی گفتوگۆی کارەکتەرەکان کە لە ڕابردوودا ئەنجام دراوە، بەمەش کاتی ڕابردوو ئاوێتەی کاتی ئێستا دەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەند وشە و دەستەواژەیەکەوە ئەنجام دەدرێت وەکو (گوتی، وەڵامیدایەوە، گوتیان، پرسی ...هتد) یان حەکایەتخوان جێناوەکانی ( ئەو، تۆ) بەکاردەهێنێت یان ئاماژە بە خودی ناوی کارەکتەرەکان دەکات[30].

## 2- گێڕانەوە لەڕێگای تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە

مۆنۆلۆگ بە هونەرێکی گرنگی گێڕانەوەی دەقی ڕۆمان دادەنرێت بۆ پیشاندانی زانیارییەکانی دیوی ناوەوەی کارەکتەر لەژێر کاریگەری ڕووداوەکانی ناو دەق بە خوێنەر. ((مۆنۆلۆگ ئاخاوتنێکی دەروونی داخراوە، گوزارشت لە هەڵچوون و تێکچوون و شڵەژانی دەروونی کارەکتەر دەکات کە لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی ناو ژینگەی دەقەکە، یاخود لە مەیدانی ململانێی نێوان کارەکتەرەکاندا دروست دەبن )) [31]. بۆیە تزفیتان تودوروف باشی پێکاوە کاتێك دەڵێت ((مۆنۆلۆگ ڕوونکردنەوەی هۆشی کارەکتەرە)) [32].

هونەری مۆنۆلۆگ لەناو دەقی ڕۆماندا خاوەن تایبەتمەندییەکی خۆیەتی، ((مەنەلۆگ لەو کاتەدا لەدایك دەبێت، کە دیالۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخەپەنگ خوار دووەکەی کارەکتەر و نووسەر بکات)) [33]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مۆنۆلۆگ گرنگی خۆی لەناو دەقدا هەیە و ((تەنها ئەو کاتە مۆنۆلۆگ پێویستە و بایەخی هەیە کە کارەکتەر ناخێکی ئاڵۆزی هەیە و نایەوێت بە ئاسانی دەری ببڕێت))[34].

لێرەوە دەگەین بەو ڕاستییەی کە مۆنۆلۆگ پەیوەستە بە جیهانی تایبەتی یەك کارەکتەری دیاریکراوی ناو دەق دوور لە بۆچونی ئەوانی دیکەوە، ((مۆنۆلۆگ بازنەیەکی داخراوی هەیە و هیچ ئاڕاستەیەکی دەرەکی نییە واتا نە ئاراستەی

---

(29) **ڕێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان** (1985–1990)، **چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر**، 2010، **ل** 191.

(30) **سەرچاوەی پێشوو، ل** 191.

(31) **د. نەجم خالد نجم الدین، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل** 291.

(32) فاتح عبدالسلام، الحوار القصصي تقنياته و علاقاته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، 1999، ص 109.

(33) **پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی**،2008، **ل**81.

(34) **یاسین ڕشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی** (1991–2002)، **نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان– زانکۆی سلێمانی**، 2004، **ل** 114.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە و نەش ئاراستەی خوێنەران لە دەرەوەی ئەو دەقە دەکرێت ))[35] . ئەمەش وا دەکات وەرگر ((راستەوخۆ بچێتە نێو جیهانی ناوەوەی کەسێتییەکانەوە . لە رێگەی روونکردنەوە و لەسەر رۆیشتن و دەربڕینی بیری تایبەت و ئەوەی کە لە بابەتی بێئاگاییەوە نزیکە))[36] .

زمانی مۆنۆلۆگ رەهەندێکی خودیی بەخۆیەوە هەڵگرتووە و لە رووی واتاییەوە شێواوی پێوەدیارە، چونکە رەنگدانەوەی دەروونی هەڵچووی کارەکتەرە، ((لە مۆنۆلۆگدا زمان سیفەتێکی خودی هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بەرچاوی بە نووسەرەوە نییە و ئەویش نایەوێت لە رێی مۆنۆلۆگەوە نامەیەکی دیاریکراو ئاراستەی خوێنەرەکانی بکات . لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە کە بێ سەروبەر بێ و هیچ پەیوەندییەکی واتایی و دەلالی لەنێوان وشەکانیدا نەبێ، چونکە لە بنەرەت دا ئاراستەی خوێنەر ناکرێت و تەنیا لە چوارچێوەی زەین کارەکتەرەکەدا دەسورێتەوە)) [37].

کەواتە هونەری مۆنۆلۆگ لەناو پرۆسەی گێڕانەوەدا باشترین تەکنیکە بۆ وێنەکێشانی دیوی ناوەوەی ویژدان و هەست و سۆز و دەروون و دەرخستنی هزر و هۆش و شێوازی بیرکردنەوەی کارەکتەر بە خوێنەر.

لە کۆی دیدی رەخنەگرانەوە دەشێ تەکنیکی مۆنۆلۆگ بەسەر چەند جۆرێکی سەرەکی دابەش بکرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

أ. مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ.

ب. مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ.

ج. خۆدواندن. [38].

**أ- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ:** لەو جۆرە مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر راستەوخۆ لەگەڵ خۆی دەدوێت و جێناوی کەسی یەکەمی (من)ی قسەکەر بەکاردێنێت و لە رێگەی خودی خۆیەوە سەربەستانە بیرکردنەوە و هەست و سۆز و هەڵوێستی خۆی دەخاتەڕوو بەبێ هیچ بەربەستێکی دەرەکی، ئەوکاتەش کارەکتەر و گێڕەرەوە ئاوێتەی یەك دەبن، بەمەش زانیارییەکان راستەوخۆ وەکو خۆی بە خوێنەر دەگات[39].

---

[35] ) د. نەجم خالد نجم الدين، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل 297.

[36] ) ریێزان رەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوللا سەڕاج)دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە– زانکۆی سەلاحەددین، 2007، ل 109.

[37] ) د. نەجم خالد نجم الدين، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل 296.

(38) **بروانە:** روبرت همفري، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ت : د. محمود الربيعي، دار المعارف، مصر، 1975، ص 44. **جمال مير صادقى، عناصر داستان، انتشارات سخن، چاپ پنجم، چاپخانه بهمن، تهران، 1385، ص411.**

(39) **بڕوانە: محمود فلكى، روايت داستان (تئورهاى پايەيى داستان نويسى )، چاپ اول، نشر بازتاب نگار، تهران، 1382، ص 43. فاتح عبدالسلام، الحوار القصصى تقنياته و علاقاته السرديه، ص 119.**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ:** لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا دیوی ناوەوەی کارەکتەر لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزان یاخود لەسەر زاری یەکێك لە کارەکتەرەکانەوە دەخرێتەڕوو بەهۆی بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی دووەم و سێیەمی تاك (تۆ، ئەو )، لەوکاتەشدا گێڕەرەوە خۆی دەخزێنێتە نێوان کارەکتەر و خوێنەرەوە، بەمەش ڕووماننوس ئامادەیی هەیە و بە ڕوونی هەندێك زانیاری سنووردار و بەشێك لە هۆش و هەستی کار ەکتەر دەگوازێتەوە، نەك هەمووی، چونکە پێیوایە هەر ئەوەندە پێویستە بە خوێنەر بگات، بەمەش گێڕەرەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زەینی کارەکتەر دەخاتەڕوو [40].

**ج- خۆدواندن:** لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر بە دەنگی بەرز گوزارشت لە ناخی دەکرێت و هەڵوێست و هزر و جۆری بیرکردنەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزان یان لەسەر زاری یەکێك لە کارەکتەرەکانەوە دەخرێتەڕوو، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەردوو ڕاناوی کەسی سێیەم یان یەکەمی تاك (ئەو، من)، ئەنجام دەدرێت [41].

## 3- گێڕانەوە لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە:

وەسف بە یەکێك لە تەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە هەژمار دەکرێت و پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕەگەزی گێڕانەوە هەیە، ((ناکرێت ڕۆمانێك بنوسرێت بێ ئەوەی وەسفی تێدا هەبێت )) [42]، چونکە لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە خوێنەر ئاشنای ڕەگەزی کارەکتەر و ڕەگەزی شوێن دەبێت، ((وەسف پێویستییەکی سەرەکی گێڕانەوەیە، زۆر زەحمەتە بێ وەسف بتوانین بگێڕینەوە)) [43]. بۆیە وەسف بەبنەمایەکی گرنگی پرۆسەی گێڕانەوە دادەنرێت و پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکی گرێداون، چونکە هەردووکیان ((پێکەوە جیهانی خەیاڵی گوتاری ڕۆ مان دەست نیشان دەکەن و، کۆمەڵێ زانیاری و وردەکاری پێوەندار بە ڕووداو و، کارکتەر و کات و ئەتمۆسفیرەکان بە خوێنەر دەدەن)) [44].

لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەك لە وەسف و گێڕانەوە بە ئەرکێکی جیاواز هەڵدەستن ((گێڕانەوە بەدوای یەکدا هاتنی کاتی ڕووداوەکان پێك دەهێنێ کەچی وەسف شتە هاوشێوەکان و ئەو شتانە دەنوێنێ کە لە شوێندا یەکتر دەبڕن)) [45].

---

(40) بڕوانە: محمود فلكی، روایت داستان (تئورهای پایەیی داستان نویسی)، ص 43.

(41) سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، ل 248، 259.

(42) د. نەجم خالد نجم الدین، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا،نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، 2003، ل 200.

(43) تانیا ئەسعەد محەمەد سالح، بینای شوێن لە دوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل178.

(44) د. نەجم ئەڵوەنی، 3 لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، 2011، ل 100.

(45) سەرچاوەی پێشوو، ل 202.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێك رۆماننوس وەسفی کورت و وەسفی درێژ بەکاردەهێنێ، ئەوا کورتی و درێژی وەسفکردنەکە کاریگەری جیاواز بەسەر ریتمی خێرا وخاوی رەوتی دەقەکە بەجێدێڵێت ((دەشێ وە سف بۆ دروستکردنی ریتمی گێڕانەوە بەکاربێنین ))[46]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەرچەندە وەسفەکان درێژ بن، ئەوا ریتمی رەوتی رۆمانەکە خاوتر دەبێت و چەندە وەسفەکان کورت بن، ئەوا ریتمی رەوتی رۆمانەکە خێراتر بەرەوپێشەوە دەچێت . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە وەسفە ك ورت و پوختەکان ئاستی هونەری رۆمان زیاتر بەرزدەکەنەوە و کاریگەری پرزەتیڤ بەسەر خوێنەر بەجێدێڵن . بە پێچەوانەوە وەسفە درێژەکان ریتمی رووداوەکانی ڕۆمان خاو دەکەنەوە و خوێنەریش تووشی بێزاری دەکەن . بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە وەسف رەوتی زەمەنی گێڕانەوەی رووداو رادەگرێت، چونکە هەندێکجار وەسف ((رەوتی گێڕانەوە بەرەو پێش دەبەن و دۆخی جوڵاوی رووداوەکان روون دەکەنەوە))[47].

ئەرکەکانی وەسف زۆرن، یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی وەسف ئەوەیە کە رەگەزی کارەکتەر و شوێن بە شێوەیەکی جوانکاری و ئیستاتیکییانە بەرجەستە بکات . هەروەها لە واقیع نزیکیان بخاتەوە، تاکو کاریگەری بەسەر خوێنەر بەجێبێڵێ و رایبکێشێتە ناو رووداوەکانی رۆمانەکەی ((پێویستە رۆماننوس ئاگاداری وردی هەبێت لەو وەسفانەی بەو شوێنانەی دەدات و گونجانێکی دروست لەنێوان ئەو کەرەستانەی لە شوێ نەکە وخودی شوێنەکەدا هەن دروست بکات ))[48]. هاوکات کاتێك رۆماننوس وەسفی خودی و بابەتی کارەکتەریش دەکات و زانیاریمان پێدەدات، پێویستە وەسفەکە وێنەی وردی دەرەوە و باری دەروونی ناوەوە و بیرکرنەوە و هەڵسوکەوتی کارەکتەر بە رووداو و شوێنەکە بیەستێتەوە و کارلێکی نێوانیان بخاتەڕوو.

یەکێك لەو خاڵانەی کە رۆمانی نوێ لە رۆمانی کۆن جیا دەکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتی چۆنیەتی وەسف لە دەقی رۆماندا، ((جۆری وەسف دەورێکی گرینگ لە دیاریکردنی جۆری بنیاتی رۆماندا دەگێڕێت ودەیخاتە خانەی رۆمانی کۆن و نوێوە))[49]. ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە دەرکەوتی رێژەی زۆری جۆری وەسفەکە لە ناودەقی هەر رۆمانێکدا، مەبەست لەمەش جۆری وەسفی خودی و وەسفی بابەتییە، ((لە رۆمانی نوێدا وەسفی خودی زیاتر باوە ))[50]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رێژەی زۆری بەکارهاتووی جۆری وەسفی خودی زیاتر باڵ بەسەر رۆمانی نوێدا دەکێشێت.

(46) الدكتور موريس ابوناضر، الالسنية والنقد الادبي، دار النهار للنشر، بيروت، 1979، ص 133.
(47) د. نەجم ئەڵوەنی، 3 لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی رۆمانی کوردییەوە، ل 100.
(48) سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین ) ئەحمەدی خانی ورۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان )ی بەختیار عەلی دا، ل 203 .
(49) د. نەجم ئەڵوەنی، 3 لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی رۆمانی کوردییەوە، ل 101.
(50) سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین ) ئەحمەدی خانی ورۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان )ی بەختیار عەلی دا، ل 205 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی دووەم

# ڕەهەندی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ژنێك بەسەر منارەوە

## تەوەری یەکەم: شێوازەکانی گێڕانەوە لە رۆمانی ژنێك بەسەر منارەوە

(شێرزاد حەسەن) لە رۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە) مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ ڕەهەندەکانی گێڕانەوەدا کردووە، توانیویەتی بنەمای فرەدەنگی لە رۆمانەکەیدا پەیڕو بکات و ئەرکی گێڕانەوە بەشێوەیەکی ئیستاتیکییانە بداتە دەست گێڕەرەوەی جۆراوجۆر لەناو دەقەکەدا، بەمەش خوێنەر لەزەت لە شێوازەکانی گێڕانەوە وەردەگرێت.

گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم رۆمانە زیاتر جەخت لەسەر کارەکتەری (شادی) دەکاتەوە و گێڕەرەوەی هەمووشتزان لە رێگەی بەکارهێنانی راناوی کەسی دووەمی تاك (تۆ) ناخی کارەکتەری (شادی) روون دەکاتەوە و، ئەرکی گێڕانەوەی بەشی زۆری رۆمانەکە دەگرێتە ئەستۆ. هاوکات گێڕانەوە و شیکردنەوەی ڕووداوەکانیش لە رێگەی تەکنیکی دیالۆگ و مەنەلۆگەوە لە نێوان کارەکتەری (شادی) و کارەکتەری وەکو (بەهرام)ی دڵخوازی شادی و (هۆمەر)ی مێردی شادی و کارەکتەرەکانی دیکەی هەردوو بنەماڵەکەیان دەخرێنەڕوو، هەندێکجاریش کارەکتەری دیکەی نێو چین و توێژەکانی کۆم ەڵگە و تەنانەت خودی منارەکەش دەنگیان دەبیسترێ و لە دید و تێڕوانینی خۆیانەوە لێدوانی راست و ناراست دەربارەی کارەکتەری (شادی) دەردەبڕن و باس لە ڕووداو و حاڵەت و دیاردەکانی دەوروبەریان دەکەن.

### یەکەم: شێوازی گێڕانەوەی بابەتی:

(شێرزاد حەسەن) لە دەستپێکی رۆمانەکەدا بە گێڕەرەوەیەکی بابەتی باس لە گەرەکێکی نیوەچۆڵکراو بەدەوری منارەیەکی مێژووییدا دەکات، گوایە منارەکە لاربۆتەوە و دەڕوخێت، ئەمەش بیانووی پیاوانی دەسترۆیشتووی نێو دەسەڵاتە و لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەیانەوێت منارە و خانووەکان بڕوخێنن و بیکەن باڵەخانەی بەرز، بەڵام تاقانەترین کەسێك پارێزگاری لە شوێنەوار و منارە مێژووییەکە بکات (شادی) کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە، تەنانەت ئامادەیە خۆی بکات بە قوربانی منارەکە. بۆیە ڕۆماننووس بەشێوازی گێڕانەوەی بابەتی و گێڕەرەو ەی هەمووشتزانی نادیارەوە ناخی کارەکتەر و چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەست و دەروونی (شادی) بە وردی دەخاتەڕوو: (( **هەموو بەیانیەك کە لە خەو بێدار دەبیتەوە، یەکەمین شت کە بیری لێبکەیتەوە بینینی منارەکەیە وەك ئەوەی غەریبی باڵای بکەیت و ئامادەبیت باڵاگەردانی بیت، بەدڵەخورپێ و بەهەنگاوی خێرا و...چوست و چالاکانە..خانمانە ڕووە و باڵکۆنەکە مل دەنێیت و لەوێوە پڕبە هەردوو چاوە کاڵەکانت لە منارەکە دەڕوانیت، کە چاوی لێدەکەیت هێشتا منارەی تاین بەپێوە وەستاوە، قیت و قۆز و بڵند سەری دەیدا لە ئاسمان، ئۆخەی دەکەیت، کوتەکوتی دڵت هێوردەبێتەوە و شەپۆلی پڕ کەفچرینی خوێنی ناو جەستەی زێدە ناسکت دەنیشێتەوە، وەك ئەوەی بە**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)

**زمانێكی نهێنی كە هەر خۆیت و منارەكە تێیبگەن پەیامی دڵنیایی خۆی لەگەڵ سۆزەی بەری بەیاندا دەنێرێت، وەلێ كە لەناو بالكۆنەكەوە بە چواردەوری خۆتدا دەڕوانیت خانووە چۆڵ و داڕماوەكان ترسێكی كوشندە لەسەر پەڕەی رۆحت دەنیشێ.))**[51]

ئەم گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەكی بابەتییە و لێرەدا دەبینین گێڕەرەوە لە رێگەی ڕاناوی كەسی دووەمی تاك (تۆ) پەی بە بیركردنەوە و هەستی نهێنی كارەكتەری (شادی) بردووە و ئاگاداری هەموو شتێكە و بە قووڵی چۆتە ناو ناخی (شادی ) و ئارامی و ترس و زانیاری ورد لەبارەیەوە دەخاتەڕوو.

گێڕەرەوە سەبارەت بە خۆشەویستی نێوان (شادی) و (بەهرام) دەڵێت: ((**لەو رۆژەوە شەوان خەونت بەوەوە دەبینی كە تۆ پەپوولەیەكی ناسكیت و هەموو رەنگەكا نت لە سروشت خواستووە و بەهرام راوەدووت دەنێت و تا دەتگرێت، دلّرەقانە و بێباك لە ئازارت دەرزی ئاژنت دەكات بە لاپەڕەیەكی سپییەوە، دەرزییەك بۆ كەللەی سەرت، دوو دەرزی بۆ باڵەكانت، دانەیەك بۆ پایینت، پەپوولەیەكی گەورژنە و لە خاچ دراو، تا ئێستاش جاروبار کە بەدەم خەم و خەیاڵی بەهرام- ەوە دەخەویت لە خەونەكانتدا راوت دەكات و هەر جارەو بە دیواری ماڵێكەوە لە خاچت دەدا**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 562.

ڕۆماننووس لە رێگەی گێڕەرەوەی بابەتییەوە و بەكارهێنانی ڕاناوی كەسی دووەمی تاك (تۆ) چۆتە ناو سنووری ناخی (شادی) و بە شێوازێكی هونەری جوان گوزارشتی لە خۆشەویستی نێوان (شادی ) (بەهرام )ی دڵخوازی كردووە و ئازاری خۆشەویستییەكەی و لە خاچدانەكەی لە وێنەیەكی هونەری جوان نەخشاندووە و تەنانەت چووەتە ناو خەون و خەیاڵی شەوانەی (شادی)، ئەمەشی بە وێنەی ناسك و پڕ لە ئیستاتیكا دەربڕییوە .

(شێرزاد حەسەن) لەم رۆمانەدا لە چوارچێوەی گێڕەرەوەی بابەتیدا هەر تەنیا یەك شێوەی جێناوی بەكارنەهێناوە، بەڵكو چەندین جار جێگۆڕكێ بە گێڕەرەوەكان دەكات و گۆشەنیگاكان دەگوازێتەوە و یارییەكی ئیستاتیكی بە جێناوە كەسییەكان دەكات. بەمەش هەوڵ دەدات لەزەتێكی خۆش بە گێڕانەوەی رۆمانەكە بدات . لەم بارەیەوە دەبینین رۆماننووس گێڕەرەوە لە شێوەی ڕاناوی كەسی دووەمی تاك (تۆ)ی گۆڕیووە و لە هەندێك شوێندا كەسی سێیەمی تاك (ئەو )ی بەكارهێناوە هەروەك لە رۆمانەكەدا لە چەندین شوێندا هاتووە: ((**بەهرام لەوە پتر نەیدەتوانی بەسەر پێوە بوەستێت، هەستی كرد سەری گێژ دەخوات و دڵی خاو دەبێتەوە، گرێك لە هەناویدا هێدی هێدی كلّپە دەستێنێ، زانی بەو قسانە و خەندە خوارەی بە تەواوی شادی غەمگین كرد و دڵنیا بوو لەوەی كە لەوە زیاتر تەمای قسەی نییە، خۆی هاوێشتە ناو كورسییەكە و سەری خستە ناو هەردوو چنگی، هیچ شتێك لەوە قورستر نییە هەر هەموو نهێنییەكانی ناو سەفەرەكە و هەڵەتەبوونی خۆی بگێڕێتەوە، هەرگیز نەدەكرا.. هەرگیز، تازە مەحاڵ بوو بسرەوێت، هەرچی روویدا مەحاڵتر بوو لەوەی مایەی بەخشندەیی بێ ..**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 602.

(51) شێرزاد حەسەن، كۆ رۆمان، ژنێك بەسەر منارەوە، چاپخانەی رەنج، چاپی دووەم، سلێمانی، 2012، ل 499.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەکی بابەتییە و گێڕەرەوە باسی دیداری نێوان (بەهرام) و (شادی) دەکات کاتێك بەهرام لە دەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوەو سەردانی (شادی)ی دڵخوازی دەکات، بەڵام ساڵانی ونبوونی بەهرام ئاگری خۆشەویستی لە دڵی شادی کوژاندۆتەوە و هەوڵی (بەهرام) بێ سوود دەبێ بۆ ئەوەی (شادی ) شووی پێبکات و واز لە منارەکە بێنێت . لێرەدا گێڕەرەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی راناوی کەسی سێیەمی تاك ئاگای لە هەستی ناوەوە و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی (بەهرام ) هەیە بۆ رازیکردنی شادی و بە وردی وێنەی نائومێدی و شکستەکەی خستۆتەڕوو .

لە شوێنێکی دیکەی رۆمانەکەدا هاتووە: ((**بێوەژنێکی تەنیا کە لەسەر منارەکەوە هەرەشەی مەرگ دەکات، لە خوارەوەش سوێند دەخۆن کە خۆی روو کردۆتەوە، خۆی هەڵداوەتە خوارێ و هێشتا وا بە حەواوە، کەچی چاوێکی هەر لەو میوانەی دوور وڵاتە کە لە بالکۆنەکە پەڕ بە پەڕی ئەلبوومەکان دەدڕێنێ و دەیداتە دەست رەشەبا، وەك ئەوەی دیار نەمانی کۆنەدولبەرەکەی بە هەل بزانێت و دوعاخواز بێت هەرگیز نەگەڕێتەوە، بە پەلە و شێتانە هەموو کون و کەلەبەری ئەو ماڵە بپشکنێت، بە دوای ئاسەوارێك کە بیخاتەوە سەر دۆزینەوەی نهێنییەك و رازێك کە تەمەنێکە لە کونجێکدا حەشار درابێت**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 708.

ئەم گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەکی بابەتییە و ڕۆماننووس لە ڕێگەی گێڕەرەوەی بابەتییەوە و بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکەوە ڕووداوی خۆکوشتن و خۆهەڵدانی شادی لەسەر منارەکەوە دەگێڕێتەوە، لە هەمان کاتدا بێباکی (بەهرام ) لەخۆ کوشتنەکەی (شادی) بە شێوازێکی هونەری خستۆتەڕوو، لەمەشدا ڕۆماننووس بە سەرکەوتوویی گوزارشتی لە بێئەمەکی (بەهرام) بەرامبەر بە (شادی) نیشان داوە، کە (بەهرام) لەم حاڵەتەدا بەدوای بەڵگەیەکی شاراوەدا دەگەڕێ تاکو بۆی روون بێتەوە کە چ شتێك وای کردووە شادی تووشی نائومێدی بێت لە خۆشەویستی و عەشق و سەفەرەکەی، نەوەك هەوڵی ڕێگری لە خۆکوشتنەکەی (شادی) بدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە (بەهرام) تەنیا کەسێکی خۆویست و هەوەس باز بووە . بۆیە گێڕەرەوە لە دەرەوە بە وردی زانیاری و هەست و دید و بیرکردنەوە و تێڕوانینی هەردوو کارەکتەرەکەی بەجوانی دەرخستووە . واتە لێرەدا گێڕانەوەکە بابەتییە و گێڕەرەوە زانیارییەکی فراوانی لەسەر کارەکتەرەکان هەیە بە وردی دەیانگ ێڕێتەوە و ئاگاداری هەموو شتێکە.

کەواتە شێرزاد حەسەن لەم رۆمانەدا لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا بەشێکی هەرە زۆری رۆمانەکەی بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاك (تۆ) گێڕاوەتەوە، ئەمەش زۆر گونجاوە لەگەڵ فەزای رۆمانەکە، چونکە بەشی هەرەزۆری رۆمانەکە باس لە ترس و دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوە و گریان و دەروونی رووخاوی (شادی) کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە دەکات کە دوای سەفەری (بەهرام ) ژیانی پڕ دەبێت لە مەینەتی و دەرگای دۆزەخێکی گەورەی بەسەردا دەکرێتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا رۆماننووس توانیویەتی گۆشەنیگای گێڕەرەوەکان بگۆڕ ێت و لە پرۆسەی گێڕانەوەدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو ) بەکاربهێنێ و، لەلایەن گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزانی نادیارەوە ڕووداوەکان بە شێوازێکی هونەری بگێڕێتەوە و لەزەت بە گێڕانەوەکە ببەخشێت.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: شێوازی گێڕانەوەی خودی:**

(شێرزاد حەسەن) لەم ڕۆمانەدا گرنگییەکی زۆری بە گێڕانەوەی خوودی داوە و مامەڵەیەکی ئیستاتیکی لەتەکدا کردووە کە تێیدا گێڕەرەوە وەکو کارەکتەرێکی ناو تێکستەکە دەردەکەوێ و راستەوخۆ ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەمەش خوێنەر ڕووداوەکان لە زاری کارەکتەرێك دەبیستیێ و راستەوخۆ هەست بە خەم و ئازاری دەکات.

لە شێوازی گێڕانەوەی خودییدا دەبینین (شادی) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت و، راستەوخۆ ڕووداوی چۆنیەتی شووکردنی بە (هۆمەر) دەگێڕێتەوە هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: ((**من ناچار شووم کرد بە پیاوێك کە بابی ئەوەندە جوامێر بوو کە بە قەهرێکەوە وتی من تێدەگەم و ئەو نهێنییەت دەپارێزم .. نازانم وەك گەوهەرێکی ناو زبڵ منی هەڵگرتەوە یان وەك چی.. نازانم.. ئەوەندە دەزانم کە شەیدام بووە، لەوەدەچوو بۆ جوانییەك بگەڕێ لە مندا کە لە زەمانێکی زووتردا لە دەستی چووە ، یان وەك نێچیرێکی شکستەباڵ دڵنیا بوو لەوەی کە ئەگەر بخاتە قەفەزێکەوە یان بەرەڵلاَشم بکات مەحاڵە بفڕم، کتومت خۆم وەك تابلۆیەك دەهاتە بەر چاو کە عاشقێکی هونەر و نیگارناسێك بیەوێت بکڕێت بە هەر نرخێك بێت، گەرچی تابلۆکە بەر چەقۆی شێتێك کەوتوە و ڕێك ناوەڕاستەکەی شەبەقێکی تێبووە**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 646-647.

ئەم گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەکی خوودییە و (شادی) ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت و لەرێگای بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (من)، هەستاوە بە گێڕانەوەی ڕووداوی شووکردنە ناچاریەکەی بە (هۆمەر ) و، بە زمانی خۆی گوزارشتی لە تێڕوانینی خۆی کردووە و لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە چۆنیەتی شووکردنەکەی ڕوون کردۆتەوە. بۆیە لە میانی گێڕانەوەکەدا هەست بەوە دەکرێ کە زانیارییەکانی (شادی) کەم و سنووردارە و زۆر شت لەبارەی شووکردنەکەیەوە نازان ێ و بە گومانەوە بەشێکی زانیارییەکانی لە ڕێگەی لێکچواندنی خۆی جارێك بە نێچیر و جارێکی دی بە تابلۆیەکی هونەری خستۆتەڕوو . شێرزاد حەسەن لەم ڕۆمانەدا بایەخێکی زۆری بە هونەری لێکچواندن داوە و بە وێنەی هونەری جوان گوزارشتی لە کەسایەتی و شوێن و ڕووداوەکان کردووە، لەم ڕێگەیەوە ئیستاتیکایەکی جوانی بە فەزای ڕۆمانەکە بەخشیووە، ئەمەش لەلایەك بووەتە مایەی ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی زیاتری شت و بابەتەکان، لەلایەکی دیکەوە ئاستی هونەری ڕۆمانەکەی بەرزکردۆتەوە و لەزەتێکی خۆشی بە پرۆسەی گێڕانەوە بەخشیووە.

کاتێك (شادی) ڕووبەڕووی ژیانێکی پڕ نەهامەتی و ترس و گریان و گۆشەگیری دەبێتەوە، دواجار ئەم هەموو دژوارییە نەك هەر تەنیا نابێتە هۆی ڕووخاندنی ئیرادە و دەروونی، بەڵکو لە ڕێگەی وردبوونەوە و تێڕامانەوە هێز پەیدا دەکات و لەناو خۆیدا تواناکانی زیاد دەکات و دواجار فێری بوێری دەبێت و بەرەبەرە ئەزموون وەردەگرێ و لە ناخەوە ژیانی خۆی دەگۆڕێت :

((**لەو خەڵوەتەی خۆمدا وەك سۆفییەکان لە خۆم و دونیا ڕادەمام و هۆش و گۆشێکی دیکەم بوو، هەر وەك مارم لێهات کە زوو زوو کاژ فڕێ بدا و کاژێکی نوێ بکاتە بەرگی، بەناو خۆمدا شۆڕبوومەوە..وەك ئەوەی بچمە ناو بنی بیرێك یان ئەشکەوتێك کە بە چرایەك هەموو کون و کەلەبەر و گۆشەیەکی تاریك بپشکنم..**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 642.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەکی خوودییە و (شادی) ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت و لەرێگای بەکارهێنانی ڕانا وی کەسی یەکەمی تاك (من)، سەرەداوی گێڕانەوە دەگرێتەدەست و تێڕوانینی خۆی بەلێکچوواندنی چەند وێنەیەکی هونەریی دەردەبڕێت . (شادی) لە رێگەی نیشاندانی هەستی ناوەوە و بیرکردنەوەی قووڵەوە گوزارشت لە دیدو تێڕوانینی نوێی خۆی دەکات و ژیانی خۆی بە ژیانی سۆفییەکان دەچوێنێ کە لە لێکدانەوەی ژیان لە رێی بیر و خەیاڵەوە یەکدەگرنەوە . لە ئەنجامی ئەمەشدا هەروەکو چۆن مار کاژ فرێدەدات و کاژێکی دی لەبەر دەکات، (شادی) بە هەمان شێوە ژیانی خۆی دەگۆڕێت و بە چرای جیهانبینییەکی تازەوە گۆشە تاریکەکانی ژیانی خۆی رووناك دەکاتەوە هەروەك ئەوەی لەناو تاریکی ئەشکەوت ژیابێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گێڕەرەوە زانیاری لە کارەکتەرەکان زیاتر نییەو هەر ئەوە دەگێڕێتەوە کە دەیزانێت.

لە شوێنێکی دیکەی رۆمانەکەدا (هۆمەر) حەزی خۆی بەرامبەر بە چەك و کوشتن دەردەبڕێ و دەڵێت : ((**من بۆ خۆشی و میزاج حەز دەکەم چی چەك هەیە بیتەقێنم. بۆ بەراز کوشتن و کەمتیار و ڕاوی کەڵەکێوی و کۆتر و کەویش. دەرزیم بۆ دانێ هەڵیدەگرم.. حەیف و خەسارێ.. بە شەرەفی هەموومان کە راوە دوژمنمان دەکرد و پێشمەرگە بووم، هەر بۆ خۆشی گۆزەی سەرشانی کچانم شکاندووە، گەر منت دەبینی کە چۆن جامی سەری عەسکەرەکانم هەڵدەگرت** ..)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 521.

ئەم گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەکی خوودییە و (هۆمەر) ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت و لەرێگای بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (من)، جڵەوی گێڕانەوە دەگرێتەدەست و هەست و تێڕوانینی خۆی بەرامبەر بە چەك و کوشتنی گیانەوەر و ئازاردانی ئافرەت و کوشتنی دوژمنەکانی وەکو حەزێکی خۆش لێکدەداتەوە و هەستی وێرانکارییانەی خۆی بەرامبەر بە سروشت دەگێڕێتەوە و رەوایەتی بەخۆی دەدات و خۆی بە نیشانەشکێنێکی گەورە لەقەڵەم دەدات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گێڕەرەوە زانیارییەکانی سنووردارەو هەر ئەوە دەگێڕێتەوە کە دەیزانێت.

لەم رۆمانەدا نەك هەر کارەکتەرەکان بە ئازادانە گوزارشت لە خودی خۆیان دەکەن، بەڵکو (منارە)کەش کە بووەتە هۆی مانەوەی شادی لە ژیان، بەمەش خۆشەویستییەکی بەهێز (شادی) و (منارە)ی بەیەکەوە گرێداوە، بۆیە (منارە )کە دێتە ناو خەون و زیندە خەو و وەنەوزی (شادی) و قسە لەگەڵدا دەکات و دڵی (شادی ) دەداتەوە و پێیدەڵێت : ((**من لە داخی تۆ دەڕووخێم بەسەر خۆمدا .. گلەیی ئەوەم لێتە گەر تۆ گەردنی منت مەبەستە، گەرەکتە بە پێوە بوەستم .. چیتر مەگری و ئەوەندەش مەڵێ خودایە بۆ نامکوژی؟**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 600.

ئەم گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەکی خوودییە و (منارە) ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت و وەکو یەکێك لە کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکە دەنگی دەبیسترێت و لەرێگەی جێناوی (من) گوزارشت لە خودی خۆی دەکات و جڵەوی گێڕانەوە دەگرێتەدەست، هەر کاتێك (شادی) بگری و هەستی مەرگدۆستی لەلا چەکەرە بکات، ئەوا (منارە)ش لە داخی ئازارەکانی (شادی )دا هەست بە وێرانبوون دەکات و چەند خشتێکی لێدەڕووخێت.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەوە كاتێك دەبینین هەر یەك لە كارەكتەرەكانی وەكو (شادی )، (هۆمەر )...تاد، تەنانەت منارەكەش هەریەكە و بەجیا لە نێو رۆمانەكەدا ئەركی سەرەداوی گێڕانەوە دەگرنە ئەستۆ و رووداوەكان دەگێڕنەوە كە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی فرەدەنگی لەناو رۆماندا، ئەوا بۆمان دەردەكەویّ كە رۆمانی ژنێك بەسەر منارەوە، رۆمانێكی فرەدەنگە . بۆیە دەتوانین بڵێین شێرزاد حەسەن لەم رۆمانەدا سەركەوتووانە مامەڵەیەكی هونەری لەگەڵ شێوازی گێڕانەوەی خودی دا كردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی توانای رۆماننووس.

## تەوەری دووەم: تەكنیكەكانی گێڕانەوە لە رۆمانی ژنێك بەسەر منارەوە

تەكنیكەكانی گێڕانەوەی رۆمان زۆرن، هەر رۆماننووسێك ریّگەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ تەكنیكەكانی گێڕانەوە و گەیاندنی پەیامەكەی بەشێوەیەكی هونەری، لێرەوە ئاماژە بە گرنگترین تەكنیكەكانی گێڕانەوە لە رۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە)ی (شێرزاد حەسەن) دەدەین كە ئەم تەكنیكانە لەخۆدەگرێت:

### یەكەم: گێڕانەوەی لە رێگەی تەكنیكی دیالۆگ:

(شێرزاد حەسەن) لەم رۆمانەدا هەردوو جۆری دیالۆگی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی بەشێوەیەكی هونەری بەكار بردووە، بەمەبەستی روونكردنەوەی باری دەروونی و هەڵوێستی كۆمەلآیەتی و ناساندنی لایەنی فیكری كارەكتەرەكان . بەم هۆیەوە خوێنەر زانیاریی باش لەمەڕ كارەكتەرەكان دەست دەكەویّت. (شادی) لەبارەی گەڕانەوەی (بەهرام)ەوە لەگەڵی دەدویّت و دەڵێت:

**((- تۆ كە ئەمڕۆ هاتیت.. پتر بە نیازی چی بوویت؟**

**- وابزانم بەر لەم دیدارە پێیان وتووین كە من لەبەر تۆ هاتوومەتەوە، دەمەویّت لەم زەلكاوە دەرتبێنم و بڕۆین..!**

**- تۆ بیرت چووە كە بەسەر لاشە و روحێكی مردوودا هاتیتەوە، بێجگە لەوەش كە من ئەم شەڕەی خۆم لەلا بووە بە شەرەفێك و ئەو زەلكاوەی تۆش باسی دەكەیت كۆنە هاورێكانی تۆ دروستیان كردووە كە بە كامی دڵ ئێستاكە مەلەی تێدا دەكەن، ناشمەویّت لەم شەڕە پاشەكشیّ بكەم.**

**- تاكەی بە تەنها ئاواهی بەردەوام دەبیت؟**

**- نازانم پرسیارێكی واشم لەخۆم نەكردووە..!**

**- واتا داواكەم رەت دەكەیتەوە؟**

**- خالۆزا .. تۆ زۆر درەنگ هاتیتەوە.. رەنگە تۆش بتەویّت شەرەفی بنەماڵەكە بپارێزیت؟**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**- ڕاستی .. هەموو ئەوانەی تەماعیان لەوەیە ئەم خانووانە تێکبدەن، گوناهی ملنەدان و هاندانی خەڵکەکەی دەخەنە ئەستۆی تۆ..)).** ژنێك بەسەر منارەوە، ل 616 – 617.

ئەم دیالۆگە، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆیە و بۆ گێڕانەوە جێناوی (من ) بەکارهاتووە، لەم دیالۆگەدا هەردوو کارەکتەرە ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەل یەکتری دەکەن. (هۆمەر) لەم دیالۆگەدا دەیەوێت (شادی ) پاشگەز بکاتەوە تاکو واز لە خانوو و منارەکە بێنێت. بۆیە رۆماننوس لەم دیالۆگەدا زۆر سەرکەوتوو بووە، چونکە رۆماننووس هەر لە ناونیشانی رۆمانەکەوە دەیەوێ (شادی) وەکو ئافرەتێکی ناو رۆمانەکەی بە تاکە بەرگریکارێك لە منارەکە نیشان بدات کە ڕووبەڕووی هەموو پیاوە دەسەلأتدارەکان بۆتەوە بۆ ڕێگریکردن لە ڕووخاندنی منارەکە . لەم دیالۆگەوە (شێرزاد حەسەن ) دەیەوێت پێمان بلێت ئەگەر ئافرەتێك بوێر بێت و سوور بێت لەسەر بیروڕاکانی، ئەوا دەتوانێت ڕووبەڕوو بەهێزترین کەسانی نێو کۆمەڵگە و دەسەلأت ببێتەوە و، لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت ببێتە خاوەن بوون و ناسنامەی تایبەت بە خۆی. لێرەدا دەبینین پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان دیالۆگ و گێڕانەوەدا هەیە و رۆماننوس لە ڕێگەی دیالۆگەوە پەرەی بە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان داوە و زانیاری بە خوێنەر داوە لەسەر سووربوونی (شادی) لە بەرگریکردن لە منارەکە و چۆڵ نەکردنی ماڵەکەیدا.

لە دیالۆگێکی دیکەدا (دایکی شادی) ڕوو لە (شادی) دەکات و پێیدەڵێت:

((**کچەکەم.. ئەوەتە یەکە یەکە خانووەکانییان دەفرۆشن و چۆڵی دەکەن .. گوناهت دەگات بۆ دونیامان لێی هار دەکەیت ؟**))

((**ڕمانی منارەکە قسەو بیانووی ئەو گەلۆرانەیە .. کوفرە لام بیڕوخێنن و بیکەن بە بازار و دوکان.**))

((**لەدەستیان دێ بتکوژن..!**))

((**نازانم .. بۆ.. بەلأم پێم شەرمە لەو کەر پیاوانە بترسم، هەتا گەمەی ئەو مارو دووپشکەش بە فیتی ئەوان دەزانم. ئێستا وای لێهاتووە هەر ماڵێك و مارێکی بەر دەکەویت، کەسی تێدا نەمێنێت چۆڵی ناکەم ..!**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 590.

ئەم دیالۆگە، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆیە و بە زمانێکی سادە دەربڕاوە و، بۆ گێڕانەوە جێناوی کەسی یەکەمی تاك (من ) بەکارهاتووە، لەم دیالۆگەدا هەردوو کارەکتەری (دایکی شادی) و (شادی) ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەل یەکتری دەکەن . (دایکی شادی) لەم دیالۆگەدا دەیەوێت باوەڕ بە (شادی) بێنێ کە ماڵەکە چۆڵ بکات، نەوەك ڕووبەڕووی نەفرەتی کۆمەڵگە و کوشتن بێتەوە. بۆیە رۆماننووس سەرکەوتووانە ئەم دیالۆگەی بەکارهێناوە، چونکە هاتووە دوو ئافرەتی دیدگا و دەروون جیاوازی لە دیالۆگێکدا کۆکردۆتەوە، یەکێکیان ڕەمزی لاوازی و زوو تەسلیم بوونە، ئەویدیکەیان ڕەمزی بوێڕی و سەرکەشییە.

لەم دیالۆگەوە (شێرزاد حەسەن) دەیەوێت پێمان بلێت دەسەلأتی ستەمکار هەموو ڕێگەیەکی ترس و تۆقاندنی وەکو بلأوکردنەوەی مارو دووپشك بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان، یان ناشرینکردن و ریسواکردنی کەسایەتییەکان

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەناوی رەوشتەوە، تەنانەت رێگەی کوشتنیش تاقیدەکەنەوە بەرامبەر بە نەیارەکانیان، ئەگەرچی رکابەرەکانیان لەسەر حەقیش بن.

لە رۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە) دیالۆگی ناراستەوخۆ بایەخی تایبەت بە خۆی هەیە و رۆماننووس مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵدا کردووە. رۆماننوس لە رێگەی کارەکتەری (شادی) وەك گێرەرەوە دیالۆگی نێوان (شادی )و (هۆمەر )مان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەم شێوەیە بۆ دەگێرێتەوە:

((**پێم سەیر بوو ئەو زەلامە کە بەدرێژایی تەمەن تڤەنگی تەقاندووە وەها ناسك بوویێتەوە، لە هیچە سۆز دەیگرت و دەگریا و دەیوت بۆچی بەختم نەبوو زووتر تۆ بناسم، کە دەیخواردەوە پتر فرمێسکی دەباراند و دەیوت پەشیمانم لە زۆر کار و کردەوەی خۆم کە لە قەلای ئەو سەروەرییەم کەم دەکاتەوە، پتر لە هەر شتێك کوشتنی ژنەکان ئازاری دەدا.. دەگریا و دەیوت: ئاخۆ منداڵەکانیان چییان بەسەر هاتبێت؟ بێوەژن یان کچ و ژنی بەمێو بوون..؟ نازانم.. کێ دەڵێت ئەو خانمانە موستەهەقی مردن بوون؟!**)) ژنێك بەسەر منارەوە، ل 590.

ئەم دیالۆگە کە بۆ سەردەمێکی رابردوو دەگەرێتەوە و تێکەڵی کاتی ئێستا کراوە، دیالۆگێکی ناراستەوخۆیە و بۆ گێرانەوە جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو) بەکارهاتو وە. لەم دیالۆگەدا دەردەکەوێ کە کارەکتەری (هۆمەر ) ناراستەوخۆ گفتوگۆ لەگەل (شادی) دەکات. گێرەرەوە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ خۆی خزاندۆتە ناو گفتوگۆکە و گفتوگۆکەی دەستکاری کردووە و کورتی کردۆتەوە.

رۆماننووس لەم دیالۆگە ناراستەوخۆیەدا سەرکەوتوو بووە، چونکە لە یەك کاتدا توانیویەتی کاریگەری (شادی) بەسەر (هۆمەر) نیشان بدات و ئەوە بخاتەروو کە (شادی) زیرەکانە توانیویەتی گۆرانکاری بەسەر بیرکردنەوەی (هۆمەر )دا بهێنێ. لەلایەکی دیکەوە وای کردووە کە (هۆمەر) لە سەرجەم کردەوەکانی رابردووی خۆی پەشیمان بێتەوە کە تا ئەو کاتەی (شادی ) نەناسی بوو، کوشتنی ژنەکانی بە راست زانیبوو، بۆیە (هۆمەر) لە کوشتنی هەموو ژنەکان پەشیمان دەبێتەوە و لە رێگەی گریانەوە گوزارشتی لێدەکات. لەم دیالۆگە ناراستەوخۆیەوە (شێرزاد حەسەن ) دەیەوێت پێمان بلێت ئافرەتی ژیر دەتوانێ گەورەترین جەلاد و مرۆڤکوژ بگۆرێت و وای لێبکات بە دیوێکی دیکە لە خۆی و ژیان و شتەکان بروانێ، دواجار پەشیمان بێتەوە و بە تەواوی بگۆرێت.

لە دیالۆگێکی ناراستەوخۆی دیکەدا (شادی ) باس لە نەخۆشی (هۆمەر ) دەکات و دیالۆگەکەمان بەمشێوەیە بۆ دەگێرێتەوە: ((**دەیوت تۆ گوناهت چییە خزمەتم دەکەیت؟ دەموت عەیبە.. خۆ شێریش نەخۆش دەکەوێ، دەیوت راستە دەڵێن نەهەنگەکان کە پیر دەبن دێنە قەراغ زەریاکان تا بخنکێن، پێیدەوتم: من خۆم دەکوشت، بەڵام شەقژنی گوللە و گەوزینی من لەناو خوێندا تۆ دەتۆقێنێ، هەتا دوای مەرگیشم لەناو گۆرەکەم ناسرەوم کە تۆ بترسێنم**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 609.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دیالۆگە دیالۆگێکی ناراستەوخۆیەو بۆ پێش سەردەمی مردنی (هۆمەر ) دەگەڕێتەوە و تێکەڵ بە کاتی ئێستا کراوە. بۆ گێڕانەوەی ئەم دیالۆگەش جێناوی (ئەو) بەکارهاتووە. لەم دیالۆگەدا (شادی) ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێ و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆی خزاندۆتە ناو گفتوگۆکە و گفتوگۆکەمان بە کورتی بۆ دەگێڕێتەوە و بە چڕی بۆمان دەخاتەڕوو .

ڕۆماننووس سەرکەوتووانە ئەم جۆرە دیالۆگەی بەکارهێناوە، چونکە هەوڵیداوە بەشێوەیەکی سادە، بەڵام بە لێکچواندنی چەندین وێنەی هونەری لە چەشنی (شێر و نەهەنگی پیر) توانیویەتی خۆشەویستی (هۆمەر) بەرامبەر بە (شادی ) دەربڕێت، تەنانەت عەشقی (هۆمەر) بۆ (شادی) هێندە لە ئاستێکی باڵادایە نایەوێ لە دوای مردنیشی ئازار بە (شادی ) بگەیەنێت. لەکاتێکدا نەخۆشییەکە وای لە (هۆمەر) کردووە کە بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە، بەڵام لەوەدا پەشیمان بۆتەوە نەوەك ئەم خۆکوشتنە ببێتە مایەی ئازاردانی (شادی)، ئەمەش دەلالەت لە خۆشەویستییەکی گەورە دەکات.

## دووەم: گێڕانەوە لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنۆلۆگ:

مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەك هونەرێکی گرنگی گێڕانەوە لەڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە ) پانتاییەکی زۆری گرتووە و ڕۆماننووس مامەڵەیەکی ئیستاتیکی لەگەڵ ئەم تەنکنیکەدا کردووە بۆ پیشاندانی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان لەژێر فشاری کێشە و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا.

ئەو گۆشەنیگایەی کە بەسەر ئەم ڕۆمانەدا زاڵە بریتییە لە گۆشەنیگای (گێڕەرەوەی هەموشتزان / کارەکتەر ) واتە بۆ گێڕانەوە جێناوی (تۆ/من) بەکاربراوە، ئەمەش وایکردووە کە دەرفەت بۆ دەرکەوتنی سەرجەم جۆرەکانی مۆنۆلۆگ بڕەخسێت . (شادی) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە کاتێك ڕووبەڕووی ئاڵۆزی بیرکردنەوە وشڵەژانی دەروونی و ڕووخانی ناخی دەبێتەوە، ئەوا دەیان جار مۆنۆلۆگێك دووبارە دەکاتەوە: ((**<u>خودا هاوار .. بۆ نەتکوشتم</u> ))**. ژنێك بەسەر منارەوە، ل 513.

ئەمە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆیە و بۆ گێڕانەوەی ئەم مۆنۆلۆگە جێناوی کەسی یەکەمی تاك (من ) بەکارهاتووە . لەم مۆنۆلۆگەدا دەردەکەوێ کە کارەکتەری (شادی) ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆی دەدوێت و ناخی وێرانبووی خۆی ئازادانە بەرامبەر بە ژیان دەردەبڕێت. ڕۆماننووس لەم مۆنۆلۆگە ڕاستەوخۆیەدا سەرکەوتوو بووە، چونکە توانیویەتی ئەم هەستە مەرگدۆستییەی (شادی) وەکو خۆی بگەیەنێت.

(شادی) کە بەشێکی ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە بەرامبەر منارەکەدا دەوەستێت و پرسیار لە چارەنووسی نادیاری خۆی دەکات و بیر لە ژیانی پڕ لە مەینەتی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا دەدوێت : ((**ئاخۆ چی ماوە لە خۆشی و هەوەسی دونیا لە دوای ئەو هەموو دابڕان و مەرگی ڕاوادەو ساڵانی سیا .. لەچی بترسم؟ بێجگە لەو شەڕە شەق و شەڕە قۆچە چیم بۆ ماوەتەوە؟ پاشەکشێ بۆ؟ جگە لە تەنیایی خۆم چی دەدۆڕێنم؟ ئەوەتا هەر خشتێکی ئەم منارەیە بانگم دەکات کە ژنێکی جەربەزە بم و بیپارێزم.. پاسەوانی بم و دوژمنەکانی قاو بدەم**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 502.

ئەم مەنەلۆگە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆیە و بۆ گێڕانەوەی ئەم مۆنۆلۆگە جێناوی کەسی یەکەمی تاک (من) بەکارهاتووە. لەم مۆنۆلۆگەدا (شادی) ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆی دەدوێت و پرسیار دەوروژێنێ و لە ڕێگەی پرسار دروستکردنەوە هەنگاو بەهەنگاو ژیانی رووخاوی خۆی و مەرگ و دابڕان و ترسەکانی شیدەکاتەوە و بەرە بەرە دەگات بەو راستیپەی کە ژیانی هیچ شتێکی گرنگی تێدا نییە تاکو بیدۆڕێنیٚ، ئەمەش دواجار وای لێدەکات ئامانجێك بۆ خۆی دیاری بکات و ببێت بە کەسێکی بوێر. بۆیە رۆماننووس سەرکەوتووانە ئەم مۆنۆلۆگەی ب ەکارهێناوە، چونکە لە ئەنجامی ئەم مۆنۆلۆگەدا شادی بڕیاردەدات تاکۆتایی ژیانی بەرگری لە منارەکە بکات و ئامادە نییە پاشەکشیٚ لە جەنگەکەی بکات.

لە مۆنۆلۆگێکی راستەوخۆی دیکەدا (بەهرام) کاتێك لە دەرەوەی ولاّت گەڕاوەتەوە و لەماڵی (شادی) سەیری منارەکە دەکات، گێڕەرەوە مۆنۆلۆگەکەمان بەمشێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە کە هۆمەر: **((کەمەکیٚ وەستاو لە منارەکەی روانی، ئاوڕێکی لە شادی دایەوە و لاو نیو تەماشای کرد وەك ئەوەی بە چاو پێی بڵێت:**

**ئەو منارەیە ئەو هەموو شەڕ و هەرایە دەهێنێت؟**

**کەچی ئەم پرسارەی لە دڵدا شاردەوە..)).** ژنێك بەسەر منارەوە، ل 615.

ئەمە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆیە و بۆ گێڕانەوەی ئەم مۆنۆلۆگە جێناوی کەسی یەکەمی تاك (من) بەکارهاتووە . لەم مۆنۆلۆگەدا کارەکتەری (بەهرام) ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆی دەدوێت و لە ناخەوە گاڵتەی بە بیرکردنەوەی (شادی) دێت کە ژیانی خۆی بەو مناریە بەستاوەتەوە کە پێیوایە هیچ نرخێکی نییە . رۆماننووس ئەم مۆنۆلۆگەی بە وردی بەکارهێناوەو ئەوەی خستۆتەڕوو کە لە دیدی (بەهرام) منارەکە هیچ گرنگییەکی نییە، تەنانەت ئامادەش نییە پاڵپشتی لە (شادی) دڵخوازی بکات کە بە تەنیا ماوەتەوە و کەس نییە پشتی بگرێت لەو جەنگەی ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانی. ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە خۆشەویستییەکەی (بەهرام) بۆ (شادی) خۆشەویستییەکی راستەقینە نییە، چونکە ئەگەر کەسێك بە راستی عاشقی کەسێك بێت، ئەوا ئامادە دەبێت لە هەموو حاڵەتێکدا بەرگری لە مەعشوقەکەی بکات.

شێرزاد حەسەن لە رۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە) بایەخی بە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆش داوە و مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵدا کردووە. رۆماننوس لە رێگەی کارەکتەری (شادی ) وەك گێڕەرەوە دەچێتە ناو ناخی (بەهرام ) و مۆنۆلۆگەکەمان بە شێوەیەکی ناراستەو بۆ دەگێڕێتەوە: **((دەزانم تاساوی و لە دڵی خۆتدا لێکی دەدەیەوە کە بۆ وا بیٚ پەردە قسە دەکەم و داخدارم..)).** ژنێك بەسەر منارەوە، ل 664.

ئەم مۆنۆلۆگە مۆنۆلۆگێکی ناڕاستەوخۆیەو، بۆ گێڕانەوەی ئەم مۆنۆلۆگە جێناوی کەسی دووەمی تاك (تۆ ) بەکارهاتووە. لەم مۆنۆلۆگەدا کارەکتەری (شادی) دەچێتە ناو ناخی (بەهرام ) و بیرکردنەوە و سەرسوورمانی (بەهرام ) نیشان دەدات و ئاگاداری چۆنیەتی بیرکردنەوەیەتی. جگە لەوەش (شادی) ئاگادارە کە (بەهرام) چۆن بیر لە سەرچاوەی هۆکارەکانی

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داخڵەدڵی (شادی) دەکاتەوە و چ شتێك وای کردووە لەبەرامبەریدا هێندە رقی لێبێت. لەم مۆنۆلۆگە ناراستەوخۆیەدا (شادی) بە وردی هەست و بیرکردنەوەی (بەهرام) دەخوێنێتەوە.

لە مۆنۆلۆگێکی ناراستەوخۆی دیکەدا گێڕەرەوە بیرکردنەوە و ناخی پڕ پرسیار و گومانی (بەهرام) نیشان دەدات و مۆنۆلۆگەکەمان بەم شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە: ((**بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن چۆنی وا بکات خانمی دڵڕەنجاو ئەم ماڵە بەجێبێڵێت، لەوە زەحمەتتر ئەوەبوو کە نەیدەزانی گەر لەم دیدارە نائومێد بێت. چۆن و کەی ئەم شوێنە بەجێبێڵێت و.. دوا ڕستەی چی بێت و ئاخۆ چۆن و کەی بۆ جارێکی دیکە داوای دیدارێکی لێ بکاتە وە، لە کوێوە دەست پێبکاتەوە؟ ئەی بۆ هەر ئێستا بەبێ ماڵئاوایی نەڕوات؟ چاوەڕێی چی دەکات؟**)) ژنێك بەسەر منارەوە، ل 624-625 .

ئەم مۆنۆلۆگە مۆنۆلۆگێکی ناراستەوخۆیەو، بۆ گێڕانەوەی ئەم مۆنۆلۆگە جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو ) بەکارهاتووە. لەم مۆنۆلۆگەدا بە ورد باری بیرکردنەوە و دەروونی (بەهرام) خراوەتەروو و بەشێوازی هونەری جوان گێڕدراوەتەوە . لەم مۆنۆلۆگەدا گێڕەرەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە (بەهرام) بیری پەرشوبڵاوبۆتەوە و نازانێت چۆن دڵی ڕەنجاوی (شادی ) چاك بکاتەوە، بۆیە توشی شۆك بووە و لەناو پرسیارەکاندا خۆی ون کردووە و باری دەروونی شڵەژاوە و نازانێ چی بکات، چونکە هەست دەکات (شادی) لەدەست داوە.

شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە ) بایەخی بە خۆدواندن داوە و مامەڵەیەکی ئیستاتیکی لەگەڵدا کردووە. ڕۆماننووس لە ڕێگەی گێڕەرەوە ناخی (هۆمەر ) نیشان دەدات و خۆدواندنەکەی (هۆمەر ) بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە : ((**بێئاگا و داخدارانە ددانەکانی بەسەر یەکدیدا قرساند وەك ئەوەی کوڕە خاڵەکەت لە بەردەمیدا وەستابێت .. (هەی نامەرد)..**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل 548.

ئەم خۆدواندنە لەلایەن (هۆمەر ) بەشێوەی دەنگی بەرز دەربڕدراوە، کاتێك (هۆمەر ) دەزانێ (بەهرام )ی خاڵۆزای (شادی) خیانەت و ناپیاوەتییەکی گەورەی بەرامبەر بە (شادی) کردووە، (هۆمەر) خۆی پێناگیرێت و بەدەنگی بەرز هەست و ناخی خۆی دەردەبڕێت و بە حەسرەتەوە هاوار دەکات (هەی نا پیاو). بۆ گێڕانەوەی ئەم خۆدواندنەش جێناوی کەسی دووەمی تاك (تۆ) بەکارهاتووە.

شێرزاد حەسەن لە ڕێگەی گێڕەرەوە، خۆدواندنی (شادی) لەکاتی گریانیدا لە نێو پرسەکاندا بۆ چارە ڕەشییەکەی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: ((**ئەوەندە لە پرسەکاندا بەدەم شیوەنەوە دادەنیشێت. پیردەبێت.. هاوار دەکات و دەپاڕێتەوە.. خودا هاوار بۆ نامکوژیت ؟**)). ژنێك بەسەر منارەوە، ل688.

بۆ گێڕانەوەی ئەم خۆدواندنە جێناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو) بەکارهاتووە و ئەم خۆدواندنەی (شادی ) بە هاوار و دەنگی بەرز دەربڕدراوە و تێیدا پەنا بۆ خودا دەبات تاکو کۆتایی بەژیانی بێنێ، چونکە کەس چارەی ئەوی پێناکرێت و کەس لە راز و خەم و گریانی تێناگات.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم: گێڕانەوە لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە:**

تەکنیکی وەسف بە بونیادێکی گرنگی پرۆسەی گێڕانەوە لەقەڵەم دەدرێت و لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە خوێنەر ئاشنای ناخ و ڕەفتاری کارەکتەر و شوێن و پەرەسەندنی ڕووداوەکان دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەسف کاریگەری بەسەر ڕیتمی گێڕانەوە بەجێدێڵێت. شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە) بایەخی بە تەکنیکی وەسف داوە و لەتەك گێڕانەوەدا مامەڵەیەکی ئیستاتیکی ئەنجام داوە، ئەم وەسفانەش درێژبن یان کورت بە وردی دارێژراون.

ڕۆماننووس لە وەسفی شوێندا وەسفی وردی ماڵی (هۆمەر) بە درێژی دەکات و وەکو ماڵی کەسێکی دەوڵەمەند و شۆڕشگێڕێکی کۆن و ڕاوچییەکی گەورە نیشان دەدات: **((هەر لە حەوشەوە ڕەنگ و بۆنی جۆرەها گوڵ سەرمەستی دەکردن، لە ژوورەکانیش نەتدەزانی چاوان لە چی تێربکەیت، لەکام نەخش و نیگار بڕوانیت، تاق و پەنجەرە، دەرگای نەخشین بە وێنەی تاوس و تیترواسك و تووتی، پەردەی گوڵدار و چل چراو کورسی شاهانە و قەنەفەی گرانبەها و مەخمەڵی، مێزی ڕازاوە بە دەیەها توحەفیات و شتی عەنتیکە کە مەحاڵ بوو لە بازاڕەکانی ئەم مەملەکەتە بیاندۆزیتەوە، شمشێر و دەف و بڕنەوی هەڵواسراو، کەوڵی ئاسك و پڵنگ و گورگ ڕاخراو لەبەر پێیا ندا کە وەك میراتی مەرحووم زاتی نەدەکرد هەڵیانبگرێت و ونیان بکات، دەیەها باڵندەی مۆمیاکراو و باڵ کراوەکە هی ئەم ئاسمانە نەبوون و میراتی هۆمەر بوون، ئەگەرچی لە دڵی گران بوو کەوڵی حەیوانە کێوی و مەلی مۆمیاکراو بەشێك بن لە جوانی ماڵ. وەلێ مەرگی هێشتا سەوزی هۆمەر نەیدەهێشت دەستکاری هیچ بکات))**. ژنێك بەسەر منارەوە، ل 585.

ڕۆماننووس لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفی شوێنەوە، بەوردی وەسفێکی دووروودرێژی ماڵ و کەرەستەکانی ناو ماڵی (هۆمەر)ی کردووە، ئەمەش هەر تەنیا بۆ ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو ئەم وەسفە جگە لەوەی شارەزاییەکی باش دەربارەی ماڵەکە بە خوێنەر دەدات وەکو ئەوەی بەچاوی خۆی ببینێ، کاریگەری هەیبەتی (هۆمەر ) لە دوای مەرگیشی بەسەر ماڵەکەیدا خستۆتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم وەسفەوە گەورەیی ماڵەکە و زۆری کەرەستەکان نیشان بدات کە دەلالەت لە دەسەڵات و کەسایەتی (هۆمەر) و زەوق و سەلیقە و دەوڵەمەندییەکەی دەکەن.

لەنێوان وەسفی خودی و وەسفی بابەتیدا دەبینین وەسفی خودی پانتاییەکی فراوانی لە ڕۆمانەکەدا گرتووە و وەسفە خودییەکان دەرکەوتنیان زیاترە. ڕۆماننووس کاتێك لە وەسفی خودیدا وەسفی کارەکتەری (بەهرام) دەکات، بەم شێوەیە وەسفی دەروونی ئەومان بۆ دەکێشێت:**((ئەو زەلامە بە درێژایی ئەو دانیشتنە زۆر بە گران و هێواشی لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە، وەك ئەوەی بترسێت باڵندە کوژراوەکان و پەپولە هەلا هەلابووەکان بە خوێن و پەڕوباڵ و تۆزی ڕەنگەکانەوە، بە چریکەی خنکاوەوە، بە دەنوکی قرتاوەوە لەناو ئەلبوومەکانەوە بێنەدەرێ و گەمارۆی ئەو پیاوە ڕێکپۆش و شیکە بدەن کە وەك میوانێکی شەرمن و غەریب هۆ لەوێ دانیشتووە و هەناسەی لەخۆ بڕیوە، شپرزەیی و نیگەرانییەك دەشارێتەوە هەروەك ئەوەی لەوە بترسێت نیگاری**

**منارە لاربووەوەکان هەر بەراستی بەسەر ئەودا بڕووخێن و لەژێر داروپەردووی منارەکەدا بخنکێ)).** ژنێك بەسەر منارەوە، ل 677.

رۆماننووس لەم وەسفە خودییەدا، بە وردی وەسفی دەرەوە و ناوەوەی زەین و باری دەروونی (هۆمەر) دەکات. (هۆمەر) کاتێك سەیری ئەلبوومەکان دەکات و وێنەی تراژیدی باڵندە و پەپولەکان دەبینێت، کە بەدەستی رەنگینی هونەرمەندێکی وەکو (شادی) کێشراون، ئەم وێنە و تابلۆیانە ترسێکی گەورە بەسەر دەروونی (هۆمەر) بەجێدێڵن، بۆیە (هۆمەر ) هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات، ئەمەش لە رووی دەروونییەوە (هۆمەر) شپرزە و نیگەران دەکات. تەنانەت (هۆمەر) کاتێك چاوی بە تابلۆی منارە لاربووەوەکە دەکەوێ، لەژێر کاریگەری ئەم تابلۆیەدا هەست بە مەرگ دەکات. رۆماننوس دەیەوێ پێمان بڵێت کە هونەری وێنەکێشان و هونەر بەگشتی کاریگەرییەکی قووڵ بەسەر دەروون و بیرکردنەوە مرۆڤ بەجێدێڵێن و دید و تێڕوانینی مرۆڤ بەرامبەر بە ژیان رووبەڕووی پرسیار دەکەنەوە و دەیگۆڕن.

رۆماننووس کاتێك لە وەسفێکی بابەتیدا وەسفی کارەکتەری (شادی) دەکات بە وردی باس لە بیانووی کوڕان و پیاوانی گەرەك دەکات کە بۆ کوشتنی (مار) روو لە ماڵی (شادی) دەکەن: **((لەناکاو دەبوو بە قاو و هەر بابا بوو بە خۆیی و تێلاۆ مەترەق و حەیزەران و بەرد و تاپرەکەی، دارلاستیك و کلاشینکۆف و جۆرەها چەك و تفاقی تر هەڵکوتنە ناو حەوشە و سەربان و ژوورەکان تا بنەبانێ، شێت و شەیداو عەزرەتی لە بەژن و باڵای خانمە چکۆڵەو ..بێوەژنی تەنیا و زێدە نازدار بڕوانن، هەر نێرەوزێك لە دڵی خۆیدا حەسرەتی دەکێشا .. وەلێ سەد حەیف و مەخابن هەر هەموو شەرمیان لە جوانی و خەم و کۆستی گەورەی دەکرد)).** ژنێك بەسەر منارەوە، ل 584.

رۆماننووس لە رێگەی ئەم وەسفەوە بە کورتی دەیەوێ قەبارەی جوانی (شادی ) نیشان بدات کە ئەو هەموو کوڕ و پیاوانە شەیدای جوانییەکەی بووینە و بە بیانووی کوشتنی (مار) دەیانەوێ بەژن و باڵای جوانی (شادی) ببینن.

وەسفی شوێنی ماددی پانتاییەکی زۆری لەم رۆمانەدا گرتووە، زۆر لە وەسفەکانیش بەشێوەیەکی هونەری مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، هەندێك جار وەسفەکان کورتن و بەشدارییەکی کارا لە رەوتی گێڕانەوەی رووداوەکان دەکەن و باری جوڵاوی رووداوەکان رووندەکەنەوە و ئیستاتیکایەکی جوان بە گێڕانەوە دەبەخشن. رۆماننووس توانیویەتی سەرکەوتووانە وەسفی کورت تێکەڵ بە گێڕانەوەی رووداو بکات. کاتێك (هۆمەر) رووداوێکی ژیانی پێشمەرگایەتی خۆی باس دەکات لەگەڵ گێڕانەوەی رووداوەکەدا وەسفی کورت و جوڵاوی هونەری بەکاردەهێنێ و بەم شێوەیە لێیدەدوێت: **((ژنێکم کوشت کە گوایە لەشفرۆشە و دەستی لەگەڵ بەعسییەکان تێکەڵ کردووە، کۆڵانە و کۆڵان لە دەستم راتکرد، منداڵەکانی بەدەم زریك و هوورەوە کەوتبوونە دوای من و دایکیانەوە، دەگریان و دەپاڕانەوە..مامە مەکە.. مامە توخوا مەیکوژە.. کە راوەدووم دەنا سۆڵەکانی بەجێمان، عەباکەی لە قاچ و قۆڵییەوە ئاڵا و ساتمەی کرد و لەپە و ڕوو کەوت، تاوێك لێی نزیك بوومەوە،جارێك هەستایەوە و رەتی برد و زەمیلەکەی دەستی کەوتە خوارێ و چی تەماتە و باینجان و سەلکە پیاز هەبوون بەو ناوە وەربوون، ئاورێکی لە من دایەوەو وەك بێدەسەڵاتترین ژنێکی ئەم دونیایە بە هەزار چاوی پڕ لە پاڕانەوە کە خۆی لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا لە بەرامبەر پیاوێکی**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خوێنخۆردا بدۆزێتەوە.. سەیری کردم، کوشتم بێئەوەی بزانم ئەو پەیامەی شۆڕش کە پێمگەیشتووە ڕاستە یان درۆ .. گوایە دەستی لەگەڵ سیخوڕەکان تێکەڵ کردووە و خیانەتکارە، منداڵەکانی لە پێچێکی ناو ئەو کۆڵانەدا وێڵ ببوون، لە دوورەوە لەگەڵ شەقۆنی گوللەکانی مندا گوێم لە هاوار و زریکەیان بوو، بە هەشتاو بەسەر تەرمی ژنەکەدا بازمداو لە پێچێکی تردا خۆم ونکرد)).** ژنێك بەسەر منارەوە، ل 657-658.

رۆماننووس بەوردی وەسفی چۆنیەتی ڕووداوی کوشتنی ئافرەتەکەی بە دەستی (هۆمەر ) لەناو کۆڵانەکاندا کردووە . کاتێك ئافرەتەکە لە دەستی (هۆمەر) رادەکات، دەبینین وێنە وەسفییەکان وەکو فیلمێکی سینەمایی ورد کێشراون هەروەك ئەوەی خوێنەر بەچاوی خۆی بیانبینێ. هەرچەندە رۆماننووس توانیویەتی لە یەك کاتدا وەسف و کەرەستەکان و گێڕانەوە و ڕووداو بەشێوەیەکی ئیستاتیکی تێکەڵ بە یەك بکات، بەڵام وەسفە کورتەکان جوانییەکی سەرسوڕهێنەریان بە ڕووداوەکە بەخشیووە، بەو مانایە ئەگەر وەسفەکان لەم ڕووداوە دەربکێشین، ئەوا دیمەنی ڕووداوەکە دەبێتە ڕووداوێکی ئاسایی و هیچ لەزەت و جوانییەك نابەخشێ . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رۆماننووس توانیویەتی سەرکەوتووانە تەکنیکی وەسف لە رۆمانەکەیدا بەشێوەیەکی هونەرییانە بەکاربهێنێت و لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە پرۆسەی گێڕانەوە بە شێوەیەکی بەرزی هونەری بخاتەڕوو و بەسەلیقەیەکی وردەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

## ئەنجـــــام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە) بایەخێکی زۆری بە گێڕانەوە داوە، بۆیە خاڵی درەوشاوەی داهێنانی ئەم رۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ رەهەندی گێڕانەوە. رۆماننووس بەشێکی زۆری رۆمانەکەی بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاك (تۆ) گێڕاوەتەوە، ئەمەش زۆر گونجاوە لەگەڵ فەزای رۆمانەکە، چونکە بەشی هەرەزۆری رۆمانەکە باس لە ترس و دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوە و گریان و باری دەروونی رووخاوی (شادی) کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە دەکات، کە دوای سەفەری (بەهرام) ژیانی پڕ دەبێت لە مەینەتی و دەرگای دۆزەخێکی گەورەی بەسەردا دەکرێتەوە . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شێرزاد حەسەن لەم رۆمانەدا شێوازی گێڕانەوەی بابەتی بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە.
2. رۆماننووس لە پرۆسەی گێڕانەوەی رۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە ) هەر تەنیا یەك شێوەی جێناوی کەسی بەکارنەهێناوە، بەڵکو چەندین جار جێگۆڕکێی بە گێڕەرەوەکان کردووە و گۆشەنیگاکانی گواستۆتەوە و یارییەکی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیستاتیکی بە جێناوە کەسییەکان کردووە. بەمەش توانیویەتی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا کاریگەری لەسەر هەستی جوانیناسییانەی خوێنەر بەجێ بێڵێت. بۆیە دەبینین ڕۆماننووس ئیستاتیکییانە کاری کردووە و هەندێکات گێڕەرەوە شێوەی ڕاناوی کەسی دووەمی تاك (تۆ)ی بەکارهێناوە و لە هەندێك شوێندا گۆڕانکاری کردووە و کەسی سێیەمی تاك (ئەو)ی بەکاربردووە، هەندێکجاریش جێناوی کەسی یەکەمی تاك (من)ی بەکارهێناوە.

3. لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرەکانی وەکو (شادی) و (هۆمەر) و (بەهرام) و چەندین کارەکتەری دی، تەنانەت منارەکەش هەریەکە و بەجیا لە نێو ڕۆمانەکەدا دەنگیان دەبیسترێ و ئەرکی گێڕانەوە دەگرنە دەست و بە گێڕانەوەیەکی خودیی ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، ئەمەش وایکردووە ببێتە هۆی دروستبوونی فرەدەنگی لەناو ڕۆمانەکەدا، بەمەش دەردەکەوێ کە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە ) ڕۆمانێکی فرەدەنگە، گێڕانەوە خودییەکەش بووەتە بەرهەمهێنەری ئەم فرەدەنگییە.

4. لەم ڕۆمانەدا (شێرزاد حەسەن) توانیویەتی هەردوو جۆری تەکنیکی دیالۆگی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاربهێنێ و سەرکەوتووانە تەکنیکی دیالۆگ دابڕێژێت بەشێوەیەك کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان دیالۆگ و گێڕانەوەدا هەیە و، ڕۆماننوس لە ڕێگەی دیالۆگەوە پەرەی بە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان داوە و زانیاری پێویستی بە خوێنەر بەخشیووە، تەنانەت لە ڕێگەی دیالۆگەوە هیچ کەسێك نەیتوانیووە (شادی) لە پارێزگاریکردن لە منارەکە و چۆڵ نەکردنی ماڵەکەیدا پاشگەز بکاتەوە.

5. تەکنیکی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ وەك هونەرێکی گرنگی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە ) پانتاییەکی زۆری گرتووە و، ڕۆمانووس مامەڵەیەکی ئیستاتیکی لەگەڵ ئەم تەنکنیکەدا کردووە بۆ پیشاندانی دیوی ناوەوەی کارەکتەر لەژێر فشاری کێشە و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا . بەڵام ڕۆماننووس مۆنۆل ۆگی ناڕاستەوخۆی بەشێوەیەکی بەربڵاوتر بەکارهێناوە.

6. شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانی (ژنێك بەسەر منارەوە) بایەخی بە تەکنیکی وەسف داوە و لەتەك گێڕانەوەدا مامەڵەیەکی ئیستاتیکی ئەنجام داوە، توانیویەتی سەرکەوتووانە ئەم تەکنیکە بەکاربهێنێت و لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە پرۆسەی گێڕانەوە بە شێوەیەکی هونەری بخاتەڕوو و، بەسەلیقەیەکی وردەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئەم وەسفانەش درێژ بن یان کورت بە وردی داڕێژراون.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرچاوەکان


## یەکەم: کتێبەکان

أ - کوردییەکان

1. پەروین عەبدوڵلاّ، رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008.
2. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001.
3. جلال انور سعید ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی کەمال، سلیمانی، 2009.
4. ڕێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان (1985-1990)، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر، 2010.
5. سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی ، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2009.
6. شێرزاد حەسەن، کۆ ڕۆمان، ژنێك بەسەر منارەوە، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دووەم، سلێمانی، 2012.
7. عەبدولخالق یەعقوبی، دەنگی بلورینی دەق، بەرێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بلاّوکردنەوە، سلێمانی، 2005.
8. عەبدوڵلاّ ڕەحمان عەولاّ ، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا باشووری کوردستان (1925 - 1961)، بلاّوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2011.
9. عەبدوڵلاّ سەراج، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان وگۆشەنیکاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، 2007.
10. میران جەلال محەمەد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2009.
11. د. نەجم ئەڵوەنی، 3 لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە ، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، 2011.

ب- عەرەبییەکان

1. بول ريكور، الزمان والسرد– التصوير في السرد القصصي (2)، ت: فلاح رحيم، مراجعة : د. جورج زيناني، دار الكتاب المتجدة، بيروت – لبنان، ط 1، 2006.
2. جيرالد برينس، قاموس السرديات، ت: السيد امام، ميريت للنشر والمعلومات، القاهرة، ط1، 2003.
3. روبرت همفري، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ت: د. محمود الربيعي، دار المعارف، مصر، 1975.
4. رولان بدونوف و ريال اوئيلية، عالم الرواية، ت: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، 1991.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. د. سيزا قاسم، بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ )، دار التنوير للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، 1985.
6. د. صلاح فضل، أساليب السرد في الرواية العربية، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الاولى، دمشق، 2003.
7. ف. شكلوفسكی، نظرية المنهج الشكلي (نصوص الشكلانيين الروس )، ت : ابراهيم الخطيب، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، الطبعة الاولى، 1982.
8. فاتح عبدالسلام، الحوار القصصي تقنياته و علاقاته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى، بيروت، 1999.
9. كريستيان البخلي، السرديات، ت: ناجي مصطفى، منشورات الحوار الاكاديمی والجامعي، طب، الدار البيضاء، 1989.
10. د. محمد زغلول سلام، دراسات في القصة العربية الحديثة (أصولها، اتجاهاتها، أعلامها)، المعارف بالاسكندرية ، 1987.
11. عبدالله ابراهيم، البناء الفني لرواية الحرب في العراق (دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة )، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1988.
12. الدكتور موريس ابوناضر، الالسنية والنقد الادبي، دار النهار للنشر، بيروت، 1979.
13. ميشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ت: فريد انطونيوس، منشورات دار عويدات، بيروت، 1981.

**ت- فارسييەكان**

1. جمال مير صادقی، عناصر داستان، انتشارات سخن، چاپ پنجم، چاپخانه بهمن، تهران، 1385.
2. محمود فلكی ، روايت داستان (تئورهای پايەيی داستان نويسی )، چاپ اول ، نشر بازتاب نگار ، تهران، 1382.

**دووەم: گۆڤار و رۆژنامەكان**

1. د. نەجم خالد نجم الدين، تەكنيكی دايەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتە چيرۆكی كورديدا ، گۆڤاری زانكۆ، ژمارە (24)، نيسانی 2005.

**سێيەم: نامە ئەكاديمييەكان**

**أ - كوردييەكان**

1. تانيا ئەسعەد محەمەد ساڵح ، بينای شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی كورديدا ،نامەی دكتۆرا ، كۆليجی زمان، زانكۆی سەلاحەددين، هەولێر، 2006.
2. رێزان رەحمان خدر، تەكنيكی گێڕانەوە لە رۆمانەكانی (عەبدوللا سەراج )دا، نامەی ماستەر ، كۆلێجی پەروەردە- زانكۆی سەلاحەددين، 2007.
3. سنور قادر فرج، تەكنيك لە كۆمەڵە چيرۆكی ((گوڵی رەش))ی شێرزاد حەسەن دا ، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، سكولی زمان، 2012.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. نەجم خالد نجم الدين ، بیناى كات لە سێ نموونەى رۆمانى كوردى دا ،نامەى دكتۆرا ، كۆليجى ئاداب ، زانكۆى سەلاحەددين، 2003.
5. ياسين رشيد حەسەن ، ناوەرۆك و تەكنيكى دراماى كوردى (1991-2002)، نامەى ماستەر ، كۆلێژى زمان- زانكۆى سلێمانى، 2004.

ب- عەرەبييەكان

1.احمد رشيد وهاب، السردية في النقد الروائي العراقي (1985 – 1996)، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة بغداد، 1997.
2.خالد سهر محي الساعدي، البناء الفني في الرواية التأريخية العربية (1870–1939)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، 1989.

چوارەم: ماڵپەڕەكانى ئینتەرنێت

1-عبدالله ابراهيم، السرد في الرواية العربية المعاصرة، www. Abdullahibrahem.com. .

پێنجەم: فەرهەنگەكان

1. عبدالرحمن شرفكندى (هەژار)، هەنبانە بۆرينە، فرهنگ كردى- فارسى، چاپ اول، 1369.
2. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ، فەرهەنگى زاراوەى ئەدەبى و رەخنەيى، بەڕێوەبەرێتيى چاپ و بلاْوكردنەوى سلێمانى ، چاپخانەى بينايى، سلێمانى، 2011.

## ملخّص البحث

**تعدّ السرد من العمليّات المهمّة في العمل الأدبي، إذ يعتبر عنصراً رئيساً في الرواية.**

**إنّ هذه الدراسة الموسومة بـ(أبعاد السرد في رواية إمرأة على منارة شيرزاد حسن) محاولة لتوضيح معالم السرد في فضاء هذه الرواية؛ ذلك أنّ الجانب الإبداعي يعود بالدرجة الأولى إلى التقنيات وأسس السرد؛ لأن الرّاوي إلى جانب اهتمامه الكبير بالسرد وتقنياته عامل بأسلوب فنّي في مجريات الرواية، ولهذا أضحت الر واية متلوّنة الأصوات، وهذا ما زاد من المستوى الفنيّ لها؛ وجعلت الرواية جديرة بأن تدرّس.**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٢ ) – العدد ( ٥ )، خريف ٢٠١٧
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

إنَّ الدراسة تتألّف من مقدّمة وفصلين، وكالآتي:

إنَّ الفصل الأوّل منقسم إلى ثلاثة محاور، إذ تناول المحور الأوّل مفهوم السرد ومصطلحه وتعريفه؛ محاولاً خلاله بيان رأي المختصين وتحليل طروحاتهم.

أمّا المحور الثاني فقد تطرّق إلى أسلوب السرد الذاتي والموضوعي، في حين ذكر المحور الثالث أهمّ تقنيات السرد.

إنَّ الفصل الثاني تضمّن محورين، ففي الأول ذكر بنية الفن السردي في الرواية المذكورة، أمّا المحور الثاني فقد اختصَّ ببيان تقنيات الر واية نفسها؛ مع بيان البصمات الفنيّة للرّاوي، إذ تمكّن بتقنية معاصرة، وبشكل أسلوبي ذا خيال عريض ونفس عميق من خلق نتاج أدبي راقٍ.

وفي النهاية توصل البحث إلى جملة من النتائج؛ فضلا عن رصف قائمة المصادر والمراجع في النهاية.

**Abstract**

Narration is one of the most important processes in literary work.

This study, entitled (Dimensions of the narration in the novel of a woman on the lighthouse Shirzad Hassan) an attempt to explain the features of narration in the space of this novel; the creative side is due primarily to the techniques and bases of narration; because the narrator in addition to his interest in narration and techniques The novel, so the story became colorful sounds, and this has increased the technical level; and made the novel worth studying in details.

The study consists of an introduction and two chapters, as follows:

The first chapter is divided into three types. The first type deals with the concept of the narration, its meaning and its definition, in which it tries to express the opinion of the specialists and analyze their propositions.

The second type dealt with the method of narrative self and objectively, while the third type mentioned the most important narrative techniques.

The second chapter included two types: the first mentioned the structure of narratives in the narration in the novel of a woman on the lighthouse Shirzad Hassan; the second type focused on the techniques of the novel itself; and the artistic imprints of the narrator, which enabled contemporary technology, in a methodical manner with broad imagination and deep soul.

In the end, the research led to a number of results, as well as to piling the list of sources and references.